hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2664-4673
e-ISSN: 2664-4681

گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
*Vol. 14, No. 4, pp. 695–715, October-December-2026.*

journals.uoz.edu.krd

# پەیوەندی چەمکی دادپەروەری و ستەم بە دەسەڵاتەوە لە ڕوانگەی قورئان، فەرموودە و بیرمەندانی موسڵمان لە سەدەکانی (پێنجەم و شەشەمی کۆچی/یازدەیەم و دوازدەیەمی زایینی) (ئەم توێژینەوەیە بەشێکە لە تێزی دکتۆرا)

شمال حمید محمد[1*] و حکیم عبد الرحمن زبیر[2]

[1]پشکا تەندروستی گشتی، کولیژا تەندروستی و پزیشکی شێخان, زانکویا پولیتەکنیك دهوك، هەرێما کوردستانێ ـ عێراق.

[2]پشکا مێژوو، کولیژا زانستێن مرۆڤایەتی، زانکویا دهوك، هەرێما کوردستانێ ـ عێراق.

وەرگرتن: 2026/02 پەسەندکرن: 2026/06 بەلاڤکرن: 2026/10 *https://doi.org/10.26436/hjuoz.2026.14.4.1795*

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە تایبەت کراوە بە لێکۆلینەوە لە بارەی (پەیوەندی چەمکی دادپەروەری (العدل) و ستەم (الظلم) بە دەسەڵاتەوە لە ڕوانگەی قورئان، و فەرموودە و بیرمەندانی موسڵمان لە سەدەکانی (پێنجەم و شەشەمی کۆچی/یازدەیەم و دوازدەیەمی زایینی))، لە میانەی ئەم بابەتدا چەند پێناسەیەکی ڕوون و ئاشکرای زمانەوانی و زاراوەیی بۆ هەردوو چەمکی دادپەروەری و ستەم داڕێژراوە، ئەوش بۆ ڕوونکردنەوەی مانای ئەم چەمکە لە ڕووی جێبەجێکردنی دادپەروەری و دوورکەوتنەوە لە ستەمکردن لە لایەن دەسەڵاتدارەوە، خودای گەورە لە چەندین ئایاتی قورئانی پیرۆز باسی باشە و چاکەی دادپەروەری دەسەڵاتداری کردووە، ئەوانی پابەندی دادپەروەری بەپێی شەریعەتی ئیسلام کردووە، لە هەمان کاتدا ئاگاداری کاربەدەستانی وڵاتی کردۆتەوە کە نابێت بیر لە بەکارهێنانی دەسەڵاتیان بۆ چەوساندنەوەی هاوڵاتیان بکەنەوە، هەروەها چەندین فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) دوویات لەسەر بەدیهێنانی دادپەروەری دەکەنەوە، لەم فەرموودانەدا ئامانجی دادپەروەری لە پاراستنی یەکریزی و تەبایی کۆمەڵگا شیکراوەتەوە، و بەرزی پێگەی سوڵتانی دادپەروەر لە لای خودای گەورە و پێغەمبەر (ﷺ) ئاماژەی بۆ کراوە کە لە دوا ڕۆژدا پاداشتەکەی بەهەشت دەبێت، بە پێچەوانەوە هەر فەرمانڕەوایەك ستەم لە میللەتەکەی بکات و لەسەر ئەم کارەی بەردەوام بێت، دەبێتەهۆی نارەزایی خودای گەورە و سزاکەی دۆزەخ دەبێت. بیرمەندە موسڵمانەکان بابەتی دادپەروەری و ستەم دەسەڵاتداریان لە پەرتووکەکانی خۆیاندا تۆمار کردووە و بۆچوونی خۆیان داڕشتووە، هەموویان لەسەر ئەوە یەکدەنگن کە دەسەڵاتدار پێویستە بەپێی شەریعەتی ئیسلام دادپەروەری لە نێوان هاونیشتمانیان پەیرەوبکەن و جیاوازی لە نێوانیاندا نەکەن، و لەسەر سوڵتان پێویستە بۆ بەڕیوەبردنی وڵات، کەسانی لێهاتوو و شارەزا و دادپەروەر هەلبژێرن، چونکە نیشتمان لەژێر سایەی دادپەروەریدا لە هەموو بوارێکەوە دەگەشێتەوە و پێشکەوتن بە خۆیەوە دەبینێت، بە پێچەوانەوە ستەمی سوڵتان، وڵات بەرەو ئاسۆیەکی تاریك و ناهەموار دەبات و دژواری و لەناوچوونی دەوڵەتی بەدوادا دێت.

**وشە سەرەکیەکان:** دادپەروەری، ستەم، قورئانی پیرۆز، فەرموودە، بیرمەندانی موسڵمان، دەسەڵاتدار.

## پێشەکی

لەم ڤەکۆلینەدا تیشك خراوەتەسەر مانای دادپەروەری و ستەم لە لایەن زمان و زاراوە، بە تایبەتی ئەوەی بە سیاسەتی دەسەڵاتدارەوە گرێدراوە، بە هەمان شێوە بابەتی دادپەروەری لە بەدیهێنانی یەکریزی و ئاشتەوایی کۆمەڵگا لە ژێر سایەی سوڵتانی دادپەروەری لە قورئانی پیرۆز خراوەتەڕوو، کە خودای گەورە دەسەڵاتداری موسڵمانی بە دادپەروەری کردن بەپێی شەریعەتی ئیسلامی پابەند کردووە و هۆشیاری بەوان داوە لەوەی هەژموونی هێزی خۆیان بۆ ستەمکردن لە هاوڵاتیان بەکاربێنن، بە هەمان شێوە فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ستایشی فەرمانڕەوای دادپەروەر دەکات و پلە و پایەی بەرزیان ڕووندەکاتەوە، بە پێچەوانەوە پاشەرۆژی ڕەشی دەسەڵاتداری ستەمکار باسدەکات، هەروەها بیرمەندانی موسڵمان دوویات لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پێویستە سوڵتان دەسلاتی خۆی بۆ چاکسازی و بەرپاکردنی دادپەروەری لە وڵاتدا بخاتەگەڕ، بەوەی خۆی بە یەکێك لە هاونیشتمانیان ئەژمار بکات و خزمەتی خەڵکی بەبێ جیاوازی بکات، سەرباری ئەوش کەسانی شارەزا و زیرەك لە کارگێری وڵاتدا بخاتەکار بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خەڵکی گشتی، لە هەمان کاتدا پێویستە گوێرایەڵی داواکاری هاوڵاتیان بێت و مافەکانیان دەستەبەر بکات، بەپێی ئەم سیاسەتەوە دەوڵەت لە هەموو لایەکەوە پێشکەوتن بەخۆیەوە دەبینێت، هەروەها بیرمەندەکان ئاماژەیان بە ڕەوش و دواڕۆژی وڵات لە ژێر حوکمڕانی دەسەڵاتداری زۆردار دەکەن، کە ئەنجامی ئەم سیاسەتە دەبێتەهۆی تورەبوونی هاوڵاتیان و دەبنە هاوکاری هەر شۆرش یان بزاڤێك لە دژی ئەم فەرمانڕەوایە بەرپابێت و لەناوچوونی ئەو دەسەڵاتەی لێدەکەوێتەوە.

---

*ڤەکولەرێ بەرپرس.

This is an open access under a CC BY-NC-SA 4.0 license (https://creativecommons.org/licenses/by-nc-sa/4.0/)

**گرنگی توێژینەوە:**

گرنگی ئەم ڤەكۆلینە لەوەدایە كە تیشك دەخاتە سەر چەمكی دادپەروەری و ستەم كە بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە سیاسەت و بەڕێوەبردنی دەسەڵاتەوە هەیە، قورئانی پیرۆز ڕۆڵی دەسەڵاتدار لە چەسپاندنی بنەمای دادپەروەری ڕوون دەكاتەوە، بەوەی حوكمڕانی موسڵمان بە شەریعەتی ئیسلامی پابەندكردووە، و ئاگاداریان دەكاتەوە لە بەكارهێنانی هێز بۆ ستەمكردن لە هاوڵاتیان، هەروەها پێگەی حوكمڕانی دادپەروەر لە فەرموودەكانی پێغەمبەر (ﷺ) نیشان دەدات، و ئاماژە بە پلە و پایەی بەرزی ئەوان دەكات، بەرامبەر بە ئاگاداركردنەوەیان لە عاقیبەتی حوكمڕانی ستەمكار لە دنیا و دواڕۆژدا. سەرەڕای ئەوەش، بۆچوونی بیرمەندە موسڵمانەكان دەخاتەڕوو كە پێویستە دەسەڵات بۆ چاكسازی و جێبەجێكردنی دادپەروەری بەكاربهێنرێت، و بە یەكسانی مامەڵە لەگەڵ هاوڵاتیان بكرێت، كەسانی شایستە و شارەزا بۆ بەڕێوەبردنی وڵات هەڵبژێردرێن، و مافەكانی خەڵك پارێزراو بن. گرنگی ئەم بابەتە لەوەشدا دیار دەبێت، كە پەیوەندی نێوان دادپەروەری و پێشكەوتن و سەقامگیری وڵات لە لایەك، و ستەم و تێكچوون و لەناوچوونی دەوڵەت لە لایەكی دیكە خراوەتە ڕوو.

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتی یە لە خستنەڕووی پەیوەندی نێوان دادپەروەری لە دەسەڵاتدا لە ڕوانگەی قورئانی پیرۆزدا، هەروەها شیكردنەوەی ئەو فەرموودانەی پێغەمبەر (ﷺ) باس لە دادپەروەری دەكەن و پێگەی حوكمڕانی دادپەروەر دەستنیشان دەكەن، بە هەمان شێوە ڕوونكردنەوەی بۆچوونی بیرمەندانی موسلمان سەبارەت بە سیاسەتی دادپەروەرانە، و نیشاندانی كاریگەری دادپەروەری لە سەقامگیری، یەكریزی و پێشكەوتنی وڵات، هەروەها خستنەڕووی ئەنجام و كاریگەری ستەم لەسەر دەوڵەت و كۆمەڵگا.

**پلانی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە بەسەر چوار تەوەردا دابەشكراوە كە هەر تەوەرەیەك چەند لقێكی لەخۆ گرتووە، تەوەرەی یەكەم تایبەتە بە پێناسەكردنی دادپەروەری و ستەم لە ڕووی زمانەوانی و زاراوەوە، لە تەوەرەی دووەمدا دەقی قورئانی پیرۆز لەگەڵ چەند تەفسیرێك لە بارەی جێبەجێكردنی دادپەروەری، و ستەم و زۆرداری دەسەڵاتدار ئاماژەی بۆ كراوە، بەهەمان شێوە لە تەوەرەی سێیەمدا چەمكی دادپەروەری و پێچەوانەی لە چەندین فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) باسكراوە، سەرباری ئاماژە دان بە چەندین پەرتووكی تایبەت لە شیكردنەوەی ئەو فەرموودانە، كۆتا تەوەر بۆ خستنەڕووی بۆچوونی چەندین بیرمەندی موسڵمان لە بارەی ئەم بابەتە تایبەت كراوە، بە شێوەیەك گرنگی بەدیهێنانی دادپەروەری سوڵتان و ئەنجامەی خراوەتەڕوو، و مەترسی چەوساندنەوەی هاوڵاتیان و دەرەنجامەی باسكراوە.

لە كۆتایی دا دەمانەوێت ئەوە ڕوون بكەینەوە، ئەم ڤەكۆلینە بێ كەموكوڕی نی یە، چونكە بەرهەمی دەستی مرۆڤە و هیچ مرۆڤێكیش بێ هەڵە نی یە، جگەلە خودای گەورە كە كەمال و ڕەهایی لە خۆی دەوەشێتەوە.

**تەوەرەی یەكەم: پێناسەی دادپەروەری و ستەم لە لایەن زمانەوانی و زاراوە:**

دادپەروەری و ستەم لە ڕووی زمانەوانی و زاراوە زیاتر لە مانایەك لەخۆ دەگرن، باسكردنی دادپەروەری و ستەم و زۆرداری بابەتێكی دوور و درێژە و هەر یەكەیان چەندین جۆر و زاراوەی هاومانا لەخۆ دەگرن، چەندین پەرتووك و نامەی زانستی تایبەتیان لەسەر نووسراوە (بۆ زیاتر زانیاری بروانە: البرواري، ٢٠١٣م ؛ غنيم، ٢٠١٤م). لەم توێژینەوەدا تەنیا پێناسە گرنگ و باوەڕپێكراوەكانی دادپەروەری و ستەم ئەوانەی بە لایەنی حوكم و دەسەڵاتەوە گرێدراون دەخەینەڕوو:

**١- دادپەروەری لە مانای زمانەوانیەوە:**

پێناسەكردنی چەمكی دادپەروەری لە ڕووی زمانەوانیەوە خۆی لە چەندین ماناوە دەبینێتەوە، پسپۆڕانی زمانەوانی بە پێی بەكارهێنان و پێویستی و وەرگرتن، چەندین پێناسەیان لەسەر چەمكی دادپەروەری داڕشتووە، لەبەرئەوە چەندین مانای جیاوازی هەیە، لێرەدا پێناسەی دادپەروەری لە دیارترین فەرهەنگی زمانەوانی دەخەینەڕوو:

لە فەرهەنگێكی زمانەوانیدا هاتووە ((العَدْلُ: ضِدُّ الجَوْرِ، كالعَدالَةِ والعُدولَةِ والمَعْدِلَةِ والمَعْدَلَةِ. عَدَلَ يَعْدِلُ، فهو عادِلٌ من عُدولٍ وعَدْلٍ)) (الفيروزآبادى، ٢٠٠٥م، ل١٠٣٠). بە مانای ئەوەی: دادپەروەری پێچەوانەی ستەم زۆرداریيە (الجور)[1]ە، ئەو كەسەی دادپەروەری جێبەجێ دەكات پێی دەگوترێت دادپەروەر، لە فەرهەنگێكی دیكەدا هاتووە: ((العَدْل: وَهُوَ ضِدُّ الجَوْر. عَدَل الحاكِمُ فِي الْحُكْمِ يَعْدِلُ عَدْلًا وَهُوَ عادِلٌ مِنْ قَوْمٍ عُدُولٍ وعَدْلٍ؛ وعَدَلَ عَلَيْهِ فِي القضيَّة، فَهُوَ عادِلٌ، وبَسَطَ الْوَالِي عَدْلَه ومَعْدِلَته. وَفِي أَسماء الله سبحانه: العَدْل، هو الَّذِي لَا يَمِيلُ بِهِ الْهَوَى فيَجورَ فِي الْحُكْمِ، وَهُوَ فِي الأَصل مَصْدَرٌ سُمِّي بِهِ فوُضِعَ مَوْضِعَ العادِلِ، وَهُوَ أَبلغ مِنْهُ لأَنه جُعِلَ المُسَمَّى نفسُه عَدْلًا، وَفُلَانٌ مِنْ أَهل المَعْدِلة أَي مِنْ أَهل العَدْلِ. والعَدْلُ: الحُكْم بِالْحَقِّ، يُقَالُ: هُوَ يَقْضِي بِالْحَقِّ ويَعْدِلُ. وَهُوَ حَكَمٌ عَادِلٌ: ذُو مَعْدَلة فِي حُكْمِهِ. والعَدْلُ مِنَ النَّاسِ: المَرْضِيُّ قولُه وحُكْمُه))(ابن منظور، ١٤٠١٤هـ، ١١/٤٣٠) ماناكەی ئەوەیە: دادپەروەری پێچەوانەی ستەمە، دەوترێت:

---

[1] الفرق بين الجور والظلم: أن الجور خلاف الاستقامة في الحكم، وفي السيرة السلطانية تقول جار الحاكم في حكمه والسلطان في سيرته إذا فارق الاستقامة في ذلك، والظلم ضرر لا يستحق ولا يعقب عوضا سواء كان من سلطان أو حاكم أو غيرهما. (العسكري، د.ت، ل٢٣١). واتە: جیاوازی نێوان ستەم (الظلم) و ستەم (الجور): ستەم (الجور) بە زۆری گرێدراوە بە ستەم و زۆرداری فەرمانڕەوا لە ماوەی دەسەڵاتی خۆیدا، واتە بە لایەنی سیاسەتی گشتی سوڵتانەوە گرێدراوە. لە كاتێكدا ستەم (الظلم) بریتیە لە زیان گەیاندن بە كەسانی بەرانبەر بە ناڕەوا (ناحەق)، ئەوەش تەنیا گرێدراو نیە بە فەرمانڕەوا، بەڵكو هەموو تاكێكی كۆمەڵگا دەگرێتەوە، ئەمجا سوڵتان بێت یان كەسێكی ئاسایی.

فەرمانڕەوا حوكمێكی دادپەروەرانەی جێبەجێكرد، واتە، ئەو پیاوێكی دادپەروەرە، ئەو پادشایە لە گەلێكی دادپەروەر و دەستپاكە، كە پێیان دەوترێت گەلی دادپەروەر، هەروەها دەوترێت: لە دۆسیەكەدا بە دادپەروەرانە حوكمی كردووە، واتە: بڕیاری دادپەروەرانەی داوە، ئەگەر ئەمە بگەڕێندرێتەوە بۆ پادشایەك، دەوترێت، فەرمانڕەوا دادپەروەری خۆی لەناو خەڵكدا چەسپاندووە و میانڕەوی دەكات، یەكێك لە ناوە جوانەكانی خودای گەورە بریتییە لە دادپەروەر (العدل)، واتە: خۆی بە دادپەروەر ناساندووە و ستەم ناكات، لەوەدا ماناكەی بەهێزتر دەبێت كە دادپەروەری فەرمانی خودای گەورەیە و بە یەكێك لە خاسیەتەكانیەوە گرێدراوە. هەروەها كاتێك باسی كەسی دادپەروەر دەكرێت ماناكەی ئەوەیە، كە قسە و فەرمانەكانی لە لایەن خەڵكەوە قبوڵكراوە.

چەمكی دادپەروەری بەوەش پێناسە دەكرێت: ((الْعَدْلُ: ضِدُّ الْجَوْرِ، وقيلَ: هُوَ الأَمْرُ الْمُتَوَسِّطُ بينَ الإِفْراطِ والتَّفْرِيطِ، وعَدْلٌ يُعْرَفُ كَوْنُهُ عَدْلاً بالشَّرْعِ، العَدْلَ: هُوَ المُساوَاةُ فِي المُكافَأَةِ)) (الزَّبيدي، ٢٠٠١ م، ٢٩/ ٤٤٣-٤٤٤) واتە: دادپەروەری پێچەوانەی ستەم و زۆرداییە، و مانای پاراستنی مامناوەندێتی و میانڕەوی لە نێوان زیادەڕەوی و پشتگوێخستن (الافراط والتفريط)[2] لەخۆ دەگرێت، هەروەها دادپەروەری بریتیە لەو كارەی شەریعەتی ئیسلام پەسەندی دەكات، ئەوەش كاتێك فەرمانڕەوا لە لە ماوەی دەسەڵاتی خۆیدا دادپەروەری ئەنجامدەدات.

بە هەمان شێوە هاتووە كە: ((الْعدْل: الْإِنْصَاف وَالْحق. وضده: الْجور. وَيُقَال للمرضي من النَّاس: عدل. فَيُقَال: رجل عدل، ورجلان عدل، وَرِجَال عدل. الْمثل. وَبسط الْوَالِي عدله ومعدلته وَعدلت الشَّيْء فاعتدل)) (ابن الجوزي، ١٩٨٤م، ل٤٣٩). دادپەروەری: ماناكەی دادكردن (الإنصاف)[3] و حەق، (الحق)[4] ، پێچەوانەكەی ستەم و زۆرداریيە، ئەو كەسەی دادپەروەر بێت دەبێتە جێگای ڕەزامەندی خەڵك، واتە ئەو كەسە دادپەروەرە، بە مانایەكی دیكە، بەرپرس و فەرمانڕەوا لە حوكمی خۆیاندا دادپەروەری جێبەجێ دەكەن.

لە پێناسەیەكی دیكەدا هاتووە: ((العَدْلُ: المَرْضِيُّ من الناسِ قولُهُ وحُكْمُهُ. هذا عَدْلٌ، وهم عَدْلٌ، والعُدُولَةُ والعَدْلُ: الحكْمُ بالحقّ. وتقول: هو يَعْدِلُ، أي: يحكُمُ بالحقّ والعدلِ. وهو حَكَمٌ عدلٌ ذو مَعْدَلَةٍ في حُكْمه)) (الفراهيدي، د.ت، ٣٨/٢). واتە دادپەروەری: ئەو پادشایە دادپەروەرە كە ئاخاوتن و فەرمانەكانی لە لایەن خەڵكەوە قبوڵكراوە و جێبەجێ دەكرێت، چونكە ئەو فەرمانڕەوایە بە شێوەیەكی حەق و دادپەروەری كاروباری خەڵك بەڕێوەدەبات.

لەوەدا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، دادپەروەری چەندین مانای زمانەوانی هەیە، دیارترینیان ئەوەیە، پێچەوانەی ستەم و زۆرداریيە، بە هەمان شێوە مانای دروستی دادپەروەری ئەوە دەگەیێنێت كاتێك فەرمانڕەوا لە ماوەی حوكمی خۆیدا دادپەروەری لە نێوان ڕۆڵەی نەتەوەكەیدا ئەنجامدەدات، هەروەها بە مانای مامناوەندێتی یان میانڕەوی لە دەسەڵاتدا دێتەوە، بەوەش بەرپرس یەكسانی لە نێوان خەڵكدا جێبەجێ دەكات و جیاوازی لە نێوانیاندا ناكات، بۆیە دەبێتە فەرمانڕەوایەكی خۆشەویست لە نێو خەڵكی و بڕیارەكانی جێبەجێ دەكرێت.

**٢- دادپەروەری لە ڕووی زاراوە:**

پێویستە هەر زاراوەیەك لە مانای زمانەوانی و زاراوەیی هاومانا بن، بۆیە سروشتی یە پێناسەی دادپەروەری لە لایەن زمان و زاراوە یەكبگرن و هەمان مانایان هەبێت، لێرەدا چەند پێناسەیەكی دادپەروەری لە ڕووی زاراوەوە دەخەینەڕوو، لە ڕاستیدا چەمكی دادپەروەری لە ڕووی زاراوە تەنیا ئەو مانا بەرتەنگە ناگرێتەوە كە گرێدراو بێت بە سیستەمی دادوەرییەوە، بەڵكو دادپەروەری مانایەكی فراوانتری هەیە، ئەوەش جێبەجێكردنی دادپەروەرییە لە لایەن دەسەڵاتدارەوە.

لە پێناسەیەكی دادپەروەریدا هاتووە: ((العدل وهو القسط اللازم للاستواء وهو استعمال الامور في مواضعها واوقاتها ووجوهها ومقاديرها من غير سرف ولا تقصير ولا تقديم ولا تأخير)) (الجاحظ، ١٩٨٩م، ل٢٨) بە مانای ئەوەی: دادپەروەری بریتییە لە دادكردن (القسط)[5] كە ماناكەی دادپەروەرییە، ئەوەش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە كاتێك دەسەڵاتدار یەكسانی لە نێوان دانیشتوانی وڵاتەكەیدا دەكات و مافی هەموو كەس بەبێ جیاوازی دەدات، بە هەمان شێوە فەرمانڕەوا هەموو كاروبارەكانی وڵات لە كات و شوێنی گونجاودا، بێ زیادەڕەوی و پشتگوێخستن، و بێ پێشخستن و دواخستن بە شێوەیەكی ڕاست و دروست ئەنجام دەدات.

لە پێناسەیەكی دیكەدا مانای دادپەروەری لە ڕووی زاراوە ڕاڤەكراوە: ((حد الْعدْل أَن تُعْطِي من نفسك الْوَاجِب وتأخذه وحد الْجور أَن تَأْخُذهُ وَلَا تعطيه)) (ابن حزم الظاهري ، ١٩٧٩م، ل٣٣). واتە: هەر كاتێك كەسێك ئەركی خۆی بە

---

[2] الفرق بين الإفراط والتفريط؛ أن الإفراط يستعمل في تجاوز الحد من جانب الزيادة والكمال، والتفريط يستعمل في تجاوز الحد من جانب النقصان والتقصير. (الجرجاني، ١٩٨٣م، ل٣٢). واتە: جیاوازی نێوان زیادەڕەوی و پشتگوێخستن ئەوەیە، كە زیادەڕەوی بە واتای چوونەدەرەوە لە سنوور لە ڕووی زیادبوون و كامڵبوونەوە، لە كاتێكدا پشتگوێخستن بە واتای دەرچوون لە سنوور لە ڕووی كەم و كورتی پشتگوێخستن بەكاردێت .

[3] الانصاف: فقيل في نقيض الظلم الانصاف وهو إعطاء الحق على التمام ، وَقَدِ انْتَصَفَ مِنْهُ، وأَنْصَفَ الرجلُ صَاحِبَهُ إِنْصَافاً، وَقَدْ أَعطاه النَّصَفَةَ. أَنْصَفَ إِذا أَخذ الْحَقَّ وأَعطى الْحَقَّ، وَتَفْسِيرُهُ أَن تُعْطِيَهُ مِنْ نَفْسِكَ النَّصَفَ أَي تُعْطيه مِنَ الْحَقِّ كَالَّذِي تَسْتَحِقُّ لِنَفْسِكَ. (العسكري، د.ت، ل١٧٢ ؛ ابن منظور، ١٤١٤هـ، ٣٣٢/٩). واتە: ئینصاف: پێچەوانەكەی ستەمە، كە بریتییە لە بەخشینی هەموو مافەكانی خەڵك، واتە مافی بەرانبەرەكەی بە تەواوی پێدا هەروەكو چۆن بۆ خۆی شایەنیەتی، واتە: (نصف) نیوەی خۆتی پێ بدەیت، واتە، ئەو مافەی پێ بدەیت كە شایەنی خۆتی دەبینی، ئەوەش مانای ئەوەیە دادپەروەری لەگەڵ كردووە.

[4] الحق: في اللغة هو الثابت الذي لا يسوغ إنكاره، وفي اصطلاح أهل المعاني: هو الحكم المطابق للواقع، ويقابله الباطل وَلَيْسَ لأحدٍ أَن يتَكَبَّر، لأنَّ النَّاس فِي الْحُقُوق سواءٌ، فَلَيْسَ لأحد مَا لَيْسَ لغيره. (الفراهيدي، د.ت، ٦/٣ ؛ الزبيدي، ٢٠٠١م، ٨/١٤). ماناكەی: حەق، ڕاستی: ماناكەی، شتێكە یان مافێكە كە مرۆڤ هەیەتی و نابێت ڕەتبكرێتەوە، ئەوەش لەگەڵ واقیعی ژیاندا دەگونجێت، هەموو مرۆڤ لە مافەكانیاندا یەكسانن، پێچەوانەكەی باطل (ناحەق)ە.

[5] القِسْط: العدل، والقِسط: النصيب، والإِقْساطُ: العدل في القسمة والحكم، وتقول: أَقسَطْتُ بينهم وأَقسَطْتُ إليهم. والقِسْطُ: الحصة التي تنوبه، وتقسطوا بينهم الشيء أي اقتسموه بالتسوية فكل مقدار قسط في كل شيء. (الفراهيدي، د.ت، ٧١/٥ ؛ الحميري، ١٩٩٩م، ٥٤٨٠/٨). قیسط، ماناكەی دادپەروەریيە، واتا بەش و نەصیب، دەگوترێت: شتەكەیان لە نێوانیاندا دابەشكرد، واتا دابەشكردنی شت لە نێوانیاندا بە شێوەیەكی یەكسان، واتا دادپەروەری كردن لە دابەشكردن و مافی خەڵك.

دروستی و بێ کەموکورتی جێبەجێکرد، لە بەرانبەردا ئەو شتەی شایەنیەتی وەربگرێت، ئەمە پێی دەڵێن دادپەروەری، بە پێچەوانەوە کاتێك کەسێك مافی خۆی وەربگرێت، بەڵام ئەرکەکەی جێبەجێ نەکات، ئەوە ستەم و زۆرداریيە.

بە هەمان شێوە بە شێوەیەکی دیکە لێکدانەوەی بۆ کراوە: ((العدل في الأصل مصدر، وهو مقابل للجور، وحقيقته التسوية بين الأمرين أو الخصمين وترك الميل إلى أحدهما)) (ابن السِمناني، ١٤٠٤هـ، ٢٠٤/١). واتە: دادپەروەری، لە بنەڕەتدا، سەرچاوەیەکە کە پێچەوانەی ستەمکارییە، دادپەروەری ئەوە دەگەیەنێت کاتێك هاوسەنگی و یەکسانی لە نێوان دوو کەس یان دوو لایەن ئەنجام بدرێت، لە هەمان کاتدا نابێت لایەنگری یەکێکیان بەرانبەر ئەوی دیکە بکرێت. هەروەها هاتووە: ((عَدَلت الشَّيْء بالشَّيْء أعدِله عُدُولاً إِذا ساويته بِهِ. وعَدل الحاكِم فِي الحكم عَدْلاً)) (الازهري، ٢٠٠١م، ١٢٥/٢) واتە: دادپەروەری بریتیە لە هاوتاکردن و یەکسانیکردن لە نێوان دوو شتدا، یان دەکرێت بڵێین یەکسانیکردن لە نێوان دوو مرۆڤدا کە مەیلی بە لای یەکێکیان نەبێت بەرانبەر ئەوی دیکە، واتە: فەرمانڕەوا لە ماوەی دەسەڵاتی خۆیدا دادپەروەری لە نێوان خەڵکدا بکات.

لەم پێناسانەی دادپەروەردی لە لایەن زاراوەوە، دەکرێت ئاماژە بەوە بدەین، پێویستە فەرمانڕەوا لە ماوەی دەسەڵاتی خۆیدا دادپەروەری ڕاست و دروست ئەنجام بدات، بە شێوەیەك دەبێت هاوسەنگی و یەکسانی لە کاروباری وڵاتدا بپارێزێت، کێشە و ئاڵۆزییەکانی خەڵکی چارەسەر بکات، بە شێوەیەك جیاوازی لە نێوان خەڵکدا نەکات و مەیلی بۆ لای کەسێك یان چینێك لەسەر مافی خەڵکانی دیکە نەبێت.

**٣- ستەم (الظلم) لە ڕووی زمانەوانی:**

دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین کە هەر شتێك بە دیارکردنی پێچەوانەکەی دەناسرێت (تعرف الأشياء بأضدادها)، لەبەرئەوە بە پێویستی دەزانین، تاکو پێناسەی دادپەروەری لە ڕووی زمان و زاراوە زیاتر ڕوونبێت، چەمکی پێچەوانەکەی (المفهوم المخالف) پێناسە بکەین، ئەوەش ستەم و زۆرداریيە (الظلم)، ئەم چەمکە هاوشێوەی دادپەروەری چەندین پێناسەی زمانەوانی هەیە، کە لە چەندین پەرتووکی زمانەوانی باسی لێوەکراوە:

لە فەرهەنگێکی زمانەوانی هاتووە ((الظُّلْم: الأخذ بغير حق، وأصل الظُّلْم: وضع الشيء في غير موضعه)) (الحميري، ١٩٩٩م، ٤٢٤١/٧). واتە، ستەم و زۆرداری، ئەوە دەگەیەنێت کاتێك شتێك یان مافێك بە ناڕەوا وەردەگیرێت، ڕەگی ستەم بریتیە لە دانانی شتێك لە شوێنێکی نادروست، بە هەمان شێوە (ابن منظور) (م: ٧١١ک/١٣١٢ز) دەڵێت (( ((وَأَصْلُ الظُّلم الجَوْرُ ومُجاوَزَة الحدِّ، المَيْلُ عَنِ القَصد)) (ابن منظور، ١٤١٤هـ، ٣٧٣/١٢). واتە: ستەم بریتیە لە ئەنجامدانی زۆرداری و بەزاندنی سنووری بەرانبەر، هەروەها گرتنەبەری ڕێگای هەڵە و لادان لە ڕێگای ڕاست و دروست.

بەم شێوەیەش هاتووە ((والظُّلْمُ: وأخذُكَ حقَّ غَيْرك)) (الفراهيدي، د.ت، ١٦٣/٨). بەمانای: ستەم بە واتای زەوتکردن و وەرگرتنی مافی کەسانی تر دێتەوە. بە هەمان شێوە هاتووە: ((في نقيض الجور العدل وهو العدول بالفعل إلى الحق))(العسكري د.ت، ل ١٧٢). واتە:پێچەوانەی ستەم و زۆرداری، دادپەروەرییە، ئەوەش بریتیە کرداری دروست و گەڕانەوەیە بۆ حەق، لە پێناسەیەکی دیکەدا بەم شێوەیە دێت، ((ويُقَال: ظلمه يَظْلمه ظلماً وظُلماً فالظَّلْم مصدرٌ حَقِيقِيّ، والظُّلْمُ الِاسْم يَقوم مقَام الْمصدر)) (الازهري، ٢٠٠١م، ٢٧٤/١٤). بە مانای: ستەم و زۆرداری سەرچاوەی ڕاستەقینەی کارە، هەروەکو دەڵێن، ستەمی لێکرد و بە ناڕەوا دەیچەوسێنێتەوە.

بە هەمان شێوەیە لە چەند فەرهەنگێکی دیکەدا هاتووە کە ((والظُّلْمُ الاسمُ، وَهُوَ ظالمٌ وظَلوم وأصل الظُّلم وضعُك الشيءَ فِي غير مَوْضِعه)) (ابن دريد، ١٩٨٧م، ٩٣٤/٢ ؛ ابن منظور، ١٤١٤هـ، ٣٧٣/١٢). بە مانای ئەوەی: ستەم ناوێکە و ئەنجامدەرەکەی بە ناڕەوا یان ستەمکار باسدەکرێت دەکرێت. ڕەگی ستەم ئەوەیە کە شتێك بخەیتە شوێنی هەڵەوە. لە فەرهەنگێکی دیکە هاتووە: ((الظلم: وضع الشيء في غير موضعه المختصّ به، إمّا بنقصان أو بزيادة، وإمّا بعدول عن وقته أو مكانه)) (الراغب الأصفهاني، ١٤١٢هـ، ل٥٣٧ ؛ الزَّبيدي، ٢٠٠١م، ٣٣/٣٣). واتە: ستەم بریتییە لە دانانی شتێك لە شوێنێکی تر جگەلە شوێنی مەبەست، جا چ بە کەمکردنەوە یان زیادکردنی بێت، یان بە گواستنەوەی لە کات و شوێنی گونجاوی خۆیەوە. واتە ئەنجامدانی کاروبار کە لە کات و شوێنی گونجاوی خۆی نەبێت، و ئەگەر زیادەڕەوی یان پشتگوێخستنی تێدا بکرێت ئەوا پێی دەڵێن ستەم وزۆرداری.

لەو پێناسانە ئەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە، ستەم لە میانەی زمانەوانی چەندین مانا لەخۆدەگرێت، لەوانە، وەرگرتنی مافی کەسانی دیکە بە ناڕەوا و ستەم، یان ئەنجامدانی زۆرداری بەرانبەر خەڵك و نەدانی مافەکانیان، هەروەها مانای ئەوەیە، کەسێك یان فەرمانڕەوا ڕێگای هەڵەی هەڵبژاردووە و لە ڕێگای حەق و ڕاستی لایداوە.

**٤- ستەم (الظلم) لە ڕووی زاراوە:**

ستەم هاوشێوەی دادپەروەری لە لایەنی زاراوە چەندین مانا لەخۆدەگرێت، ئەم چەمکەش لە ڕامانی خۆیدا لە ڕووی زاراوەوە لە فەرهەنگە زمانەوانییەکان چەندین پێناسەی بۆکراوە، لەوانە: ((الظلم: عبارة عن التعدي عن الحق إلى الباطل، وهو الجور، وقيل: هو التصرف في ملك الغير ومجاوزة الحد)) (الجرجاني، ١٩٨٣م، ل١٤٤). واتە: ستەم بریتیە لە گۆڕین و پێچەوانەکردن لە ڕاستیەوە بۆ ناڕاستی (حەق بۆ باطل)[6] هەروەها ستەم مانای بەزاندنی سنوور بەرانبەر ماڵ و موڵکی خەڵك دەگەیەنێت. لە پێناسەیەکی دیکەدا هاتووە: ((الْجَوْرُ: نَقِيضُ الْعَدْلِ، فِي السِّيرَة السُّلْطَانِيَّة تَقول جَار الْحَاكِم فِي حكمه وَالسُّلْطَان فِي سيرته)) (العسكري، د.ت، ل٢٣١ ؛ الزَّبيدي، ٢٠٠١م، ٤٧٧/١٠). بە واتای

[6] البَاطِل: نَقِيضُ الْحَقّ، بَطَلَ الشَّيْءُ يَبْطُلُ بُطْلًا وَبُطُولًا. (ابن منظور، ١٤١٤ه، ٥٦/١١). واتە: باطل پێچەوانەی حەق یان ڕاستی یە، بەمانای ئەوەی شتێکی ناجێگرە و حەقیقەتی بۆ نیە.

ئەوەی: ستەم و زۆرداری پێچەوانەی دادپەروەرییە، هەروەکو لە ژیاننامەی پادشا و سوڵتانەکان ئاماژە بەوە دەکرێت، فەرمانڕەوا لە کاتی حوکمڕانیدا ستەم و زۆرداری کرد.

بە شێوەیەکی دیکەش پێناسەی کراوە: ((الظُّلْمُ وَقد غَشَمَ الوَالِي الرَّعِيَّةَ يَغْشِمَهُم غَشْمًا خَبَطَهُمْ بِعَسْفِه، وأَخَذَ مَا أَمْكَنَهُ)) (الزَبيدي، ٢٠٠١م، ١٧٢/٣٣). بە مانای ئەوەی: ستەم خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کاتێك فەرمانڕەوا زۆرداری بەرانبەر هاوڵاتیانی وڵاتەکەی دەکات و مامەڵەی لەگەڵیان توندوتیژ بێت، هەرچی لە توانایدا بێت ماڵ و موڵکیان تاڵان دەکات.

لەوەدا بۆمان ئاشکرا دەبێت، کە ستەم گرێدراوە بەوەی کاتێك دەسەڵاتدار زۆرداری بەرانبەر میللەتەکەی ئەنجامدەدات، بە شێوەیەك سنووری دادپەروەری دەبەزێنێت و خەڵکی دەچەوسێنێتەوە، ئەمەش کارێکی ناڕەوایە و دەبێتەهۆی نایەکسانی لە نێو کۆمەڵگادا.

## تەوەرەی دووەم: دادپەروەری (العدل) و ستەم (الظلم) لە قورئانی پیرۆز:

### ١- دادپەروەری لە قورئانی پیرۆز:

قورئانی پیرۆز کە سەرچاوەی یەکەمی ئایینی ئیسلامە، بە گرنگییەوە دەڕوانێتەوە جێبەجێکردنی دادپەروەری لە نێوان ئەندامانی کومەڵگادا، بۆ ئەوەی سەقامگیری لە نێوان خەڵکدا بەدیبێت، خودای گەورە فەرمانی بەو کەسانە کردووە کە بەرپرسن لە هەڵسوڕانی کاروباری موسڵمان، بە دادپەروەری و بەبێ لایەنگری حوکم بکەن، چونکە دادپەروەری ئەمانەت و بەرپرسیارێتییەکی گەورەیە لە ئەستۆی کاربەدەستان، پێویستە بە شێوەیەکی دەستپاك و دوور لە دەمارگیری و لایەنگری دادپەروەری جێبەجێ بکەن، قورئانی پیرۆز لە رێگای ئایەتەکانەوە بناغەی شێوازی حوکمڕانی دەسەڵاتدار دادەنێت کە پێویستە دادپەروەری بکات و بوار بۆ ستە نەهێڵێتەوە، زۆر ئایاتی قورئانی پیرۆز باسیان لە دادپەروەری کردووە، ، لێرەدا هەندێك لەو ئایەتانەی باسی دادپەروەری دەسەڵاتدار دەکەن دەخەینەڕوو.

چەمکی دادپەروەری (العدل) بیست و چوار جار لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١) جگەلە مانا جیاوازەکانی، زۆر چەمکی تر لە قورئان هەیە کە لەگەل ووشەی (العدل) هاومانان (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٢) ئەوەش مانای ئەوەیە دادپەروەری لە قورئانی پیرۆزدا مانای زۆر و جیاوازی هەیە، لە کاتی بەکارهێنانی ماناکەی دیار دەبێت.

خودای گەورە لە ئایەتێکدا فەرمانی بە جێبەجێکردنی دادپەروەری کردووە، کە دەفەرموێت {إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ وَإِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَىٰ وَيَنْهَىٰ عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ وَالْبَغْيِ ۚ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ} (النحل، ٩٠). زۆرێك لە موفەسسیران تەفسیری ئەم ئایەتەیان کردووە، لەوانە: (الزمخشري) (م: ٥٣٨ك/ ١١٤٤ز) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت: ((هو خطاب للولاة بأداء الأمانات والحكم بالعدل)) (الزمخشري، ١٩٨٧م، ٥٢٣/١). واتە: ئەم ئایەتە بانگەوازێکە بۆ کاربەدەستان بۆ جێبەجێکردنی هەموو سپاردە و ئەمانەتەکان[7] و فەرمانڕەوایی کردن لە نێوان خەڵکدا بە شێوەیەکی دادپەروەرانە.

هەروەها (الماتريدي) (م: ٣٣٣ك/ ٩٤٥ز) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت: ((فمن ولي أمرًا أو حكمًا فيما بين الناس فقد ولي الأمانة، يجب أن يؤديها إلى أهلها)) (الماتريدي، ٢٠٠٥م، ٢٢٥/٣). بە مانای ئەوەی: هەر کەسێك بووە بەرپرس و کاروباری خەڵکی گرتەدەست، ئەو بەرپرسیاریەتیە ئەمانەتە و پێویستە کاروباری خۆی بە شێوەیەکی دادپەروەری بەڕێوەببات. بە هەمان شێوە لە ڕاڤەکردنێکی دیکەی ئەم ئایەتە هاتووە: ((أن العدل: القضاء بالحق ، والإحسان: التفضل بالإنعام ، وإيتاء ذي القربى: ما يستحقونه من النفقات. وينهى عن الفحشاء ما يستسر بفعله من القبائح. والمنكر: ما يتظاهر به منها فينكر. والبغي: منا يتطاول به من ظلم وغيره)) (الماوردي، د.ت، ٢٠٨/٣). بە مانای: دادپەروەری بریتیە لە فەرمانڕەوایی کردن بە حەق، و جێبەجێکردنی چاکەکردن (الإحسان)[8] لەگەڵ خەڵك، پەیوەندی لەگەڵ خزم و کەسوکار لەسەر بناغەی بەخشین و دابینکردنی خەرجییەکانیان بێت، هەروەها رێگا لە خراپە و کاری نەشیاو کە بە نهێنی ئەنجام دەدرێن (الفحشاء) وەکو کاری بەدڕەوشتی بگرێت، بە هەمان شێوە ڕێگری لە کردەوە نابەجێییەکان کە بە ئاشکرا ئەنجامدەدرێن (المنكر) وەکو، ستەم، درۆکردن، گزیکردن بکات، جگەلەوەش ئامانجی نەهێشتنی ستەم و زۆرداری بێت.

لە تەفسیرێکی دیکەدا هاتووە: ((العدل ما هو صواب وحسن، وهو نقيض الجور والظلم .أمر الله الإنسان بالعدل فيما بينه وبين نفسه، وفيما بينه وبين ربه، وفيما بينه وبين الخلق)) (القشيري، د.ت، ٣١٤/٢). واتە: دادپەروەری مانای ئەنجامدانی کرداری ڕاست و چاکەکارییە، ئەوەش پێچەوانەی نادادی و ستەمە، خودای گەورە فەرمانی بە خەڵك کردووە کە لەگەڵ خودی خۆی (نفسه)، پەروەردگار، و خەڵکدا دادپەروەری بکەن.

خودای گەورە لە ئایەتێکی دیکەدا باسی دادپەروەری دەکات، کە دەفەرموێت: {إن الله يأمركم أن تؤدوا الأمانات إلى أهلها وإذا حكمتم بين الناس أن تحكموا بالعدل} (النساء، ٥٨). ئەم ئایەتە چەندین موفەسسیری ناودار تەفسیریان کردووە، چەند تەفسیرێکیان دەخەینەڕوو، لەوانە: (الطبري) (م:٣١٠ك/ ٩٢٣ز) لە ماناکردنەوەی ئەم ئایەتەدا دەڵێت: ((إن الله يأمركم، يا معشر ولاة أمور المسلمين، أن تؤدوا ما ائتمنتكم عليه رعيّتكم من فَيْئهم وحقوقهم وأموالهم وصدقاتهم إليهم، على ما أمركم الله بأداء كل شيء من ذلك إلى من هو له، بعد أن تصير في أيديكم، لا تظلموها أهلها، ولا تستأثروا بشيء منها، ولا تضعوا شيئًا منها في غير موضعه، ولا تأخذوها إلا ممن أذن الله لكم

[7] الأَمانةُ: ضدُّ الخِيانة، الْأَمَانَة الْوَفَاء والوديعة. (ابن منظور، ١٤١٤ه، ٢١/١٣ ؛ نخبة من اللغويين، ١٩٧٢م، ٢٨/١). مانای ئەمانەت: ئەوەیە کە هەر شتێکت لابێت یان لە هەر پۆستێکدا بیت ئەمانەتە و نابێت خیانەتی لێ بکەیت و پێویستە بە دڵسۆزی کارەکە بەڕیوەببەیت کە شیوەیەکی دادپەروەرانە بێت.

[8] الإحسان: فِي قَوْلِه تعالَى: {إِنَّ اللَّهَ يأْمرُ بالعَدْلِ والإِحْسانِ} إِنَّ الإِحْسانَ فوْقَ العَدْلِ، وذلِكَ أَنَّ العَدْلَ بأَنْ يُعْطِيَ مَا عَلَيْهِ ويأْخُذَ مَا لَهُ، والإِحْسانَ أَنْ يُعْطيَ أَكْثَرَ ممَّا عَلَيْهِ ويأْخذَ أَقَلّ ممَّا لَهُ. (الزَّبيدي، ٢٠٠١م، ٤٢١/٣٤). واتە، ئیحسان (چاکەکردن، بەخشین) لە دادپەروەری بەرزترە، چونکە دادپەروەری واتە بەخشینی ئەوەی پێویستیان پێیەتی و وەرگرتنی ئەوەی شایەنی تۆیە، لە کاتێکدا ئیحسان واتە بەخشینی زیاتر لەوەی پێویستیان پێیەتی و وەرگرتنی کەمتر لەوەی شایەنی تۆیە.

بأخذها منه قبل أن تصيرَ في أيديكم، ويأمركم إذا حكمتم بين رعيتكم أن تحكموا بينهم بالعدل والإنصاف، وذلك حكمُ الله الذي أنزله في كتابه، وبيّنه على لسان رسوله، لا تعدُوا ذلك فتجورُوا عليهم)) (الطبري، ٢٠٠١م، ٤٩٤/٨). واتە: خودای گەورە فەرمان بە فەرمانڕەواکانی موسڵمانان کردووە، جێبەجێکردنی کاروباری خەڵك ئەمانەتە لە سەریان، کە پێویستە مافەکانیان لە دەستکەوت و سامانیان بەبێ ستەم و زۆرداری بە خاوەنەکانیان بگەیەنن، جگلەوەی خودای گەورە ڕێگەی پێداوە، بە هەمان شێوە خودای گەورە فەرمانی کردووە لە حوکمڕانیدا دادپەروەری بکەن، ئەوەش حوکمی خودایە کە لە قورئانی پیرۆزدا دایەبزاندووە و لە ڕێگای پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ڕوونیکردووەتەوە، کەواتە نابێت دەسەڵاتدار فەرمانی خودای گەورە پشتگوێ بخات و لەگەڵ میللەتەکەی ستەمکار بێت.

ئیمامی (الشافعي) (م: ٢٠٤ك/ ٨٢٠ز) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت: ((فأعلم الله نبيه صلى الله عليه وسلم أن فرضاً عليه، وعلى من قبله، والناس إذا حكموا أن يحكموا بالعدل)) (الشافعي، ٢٠٠٦م، ٦١٦/٢). واتە: خودای گەورە فەرمانی بە پێغەمبەر محمد (ﷺ) و پێغەمبەرانی پێش خۆی و هەموو خەڵك کردووە، ئەگەر بوونە فەرمانڕەوا و کاربەدەست، ئەوا پێویستە دادپەروەری جێبەجێ بکەن. هەروەها (ابن التيمية) (م: ٧٢٨ك/ ١٣٢٨ز) ئەم ئایەتە تەفسیر دەکات و دەڵێت: ((وَلِهَذَا وَجَبَ عَلَى كُلِّ مَنْ حَكَمَ بَيْنَ اثْنَيْنِ أَنْ يَحْكُمَ بِالْعَدْلِ، فَلَيْسَ لِحَاكِمٍ أَنْ يَحْكُمَ بِظُلْمٍ أَبَدًا، وَالشَّرْعُ الَّذِي يَجِبُ عَلَى حُكَّامِ الْمُسْلِمِينَ الْحُكْمُ بِهِ عَدْلٌ كُلُّهُ، لَيْسَ فِي الشَّرْعِ ظُلْمٌ أَصْلًا، بَلْ حُكْمُ اللَّهِ أَحْسَنُ الْأَحْكَامِ)) (ابن تيمية، ١٩٨٦م، ١٢٨/٥). واتە، هەر کەسێك بڕیاردانی لە نێوان دوو کەس یان زیاتری پێڕاسپێردرا، ئەوا پێویستە بڕیارەکانی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بێت، هیچ فەرمانڕەوایەك ناتوانێت بە ناڕەوا حوکم بکات، بە هیچ شێوەیەك نابێت مەیلی بۆ لای ستەم هەبێت، خودای گەورە پادشاکانی موسڵمانی ناچارکردووە کە کار بە شەریعەتی ئیسلام بکەن، کە بە تەواوی لەسەر دادپەروەری دامەزراوە، بە شێوەیەك هیچ جۆرە ستەمارییەکی تێدا نییە، بەڕاستی حوکمەکانی خودای گەورە باشترین و دادپەروەرترینن.

ئایەتێکی تر کە باسی جێبەجێکردنی دادپەروەری دەکات بریتیە لە: {فَلِذَلِكَ فَادْعُ وَاسْتَقِمْ كَمَا أُمِرْتَ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ وَقُلْ آمَنْتُ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ مِنْ كِتَابٍ وَأُمِرْتُ لِأَعْدِلَ بَيْنَكُمُ} (الشورى، ١٥). هەروەکو (الطبري) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت: ((أُمر نبي الله ﷺ أن يعدل فعدل حتى مات صلوات الله عليه. والعدل ميزان الله في الأرض، به يُأخذ للمظلوم من الظالم، وللضعيف من الشديد، وبالعدل يصدِّق الله الصادق، ويكذِّب الكاذب، وبالعدل يردُّ المعتدي ويوبخه)) (الطبري، ٢٠٠١م، ٤٨٤/٢٠). واتە: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمانی پێکرابوو دادپەروەر بێت، بە درێژایی تەمەنی تا ئەو کاتەی کۆچی دوایی کرد دادپەروەر بوو، دادپەروەری ئەو تەرازووەیە کە خودای گەورە لەسەر زەوی دایناوە بۆ هەڵسەنگاندنی کردار و قسەی بەندەکانی، کە بەهۆیەوە ڕاستی لە ناڕاستی، و ستەملێکراو لە ستەمکار جیادەکاتەوە، بە جێبەجێکردنی دادپەروەری مافی چەوساوە لە چەوسێنەر وەردەگیرێتەوە، و لاوازەکان بەسەر بەهێزەکان زاڵ دەبن، خودای گەورە ڕاستی ڕاستگۆکان پشتڕاستدەکاتەوە و درۆی درۆزنەکان ئاشکرا دەکات، و بەهۆی دادپەروەرییەوە دەستدرێژی ستەمکاران ڕەتدەکرێتەوە و سزا دەدرێن.

بە هەمان شێوە ئاماژە بە ئایەتێکی تر دەکەین کە باسی جێبەجێکردنی دادپەروەری دەکات، کە خودای گەورە دەفەرموێت:{ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُواْ قَوَّٰمِينَ لِلَّهِ شُهَدَآءَ بِٱلۡقِسۡطِۖ وَلَا يَجۡرِمَنَّكُمۡ شَنَـَٔانُ قَوۡمٍ عَلَىٰٓ أَلَّا تَعۡدِلُواْۚ ٱعۡدِلُواْ هُوَ أَقۡرَبُ لِلتَّقۡوَىٰۖ....} (المائدة، ٨). لە ڕاڤەکردنی ئەم ئایەتە چەند تەفسیرێك دەخەینەڕوو، لەوانە:

(( {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ} أي: كونوا له قَائِمِينَ بِالْعَدْلِ قَوَّالِينَ بِالصِّدْقِ، أَمَرَهُمْ بِالْعَدْلِ وَالصِّدْقِ فِي أَفْعَالِهِمْ وَأَقْوَالِهِمْ، {وَلا يَجْرِمَنَّكُمْ} وَلَا يَحْمِلَنَّكُمْ، شَنَآنُ قَوْمٍ، بُغْضُ قَوْمٍ، {عَلَى أَلَّا تَعْدِلُوا، أَيْ: عَلَى تَرْكِ الْعَدْلِ فِيهِمْ لِعَدَاوَتِهِمْ. ثُمَّ قَالَ: {اعْدِلُوا} يَعْنِي: فِي أَوْلِيَائِكُمْ وَأَعْدَائِكُمْ، {هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوى} يَعْنِي: إِلَى التَّقْوَى)) (الثعلبي، ٢٠٠٢م، ٢٢٥/١١ ؛ البغوي، ١٤٢٠هـ، ٢٧/٢). واتە، ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، خودای گەورە فەرمانتان پێدەکات لە کردار و قسەکانتاندا دادپەروەر و ڕاستگۆ بن، مەهێڵن ڕق و کینە یان دوژمنایەتی لە گەڵێك ڕێگریتان لێبکات لە دادپەروەری لەگەڵیان. بەڵکو لەگەڵ هەموو کەسێك دادپەروەری بکەن، هاوپەیمانت بێت یان دوژمن، چونکە ئەوە نزیکترین شتە لە ڕاست ودروستی.

لە تەفسیری دیکەدا هاتووە: {يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ} ((أي كونوا قوامين بالعدل، يقولُ: لِيَكُنْ مِن أخلاقِكم وصفاتِكم القيامُ بالقسطِ. يعنى: بالعَدْلِ)) (الطبري، ٢٠٠١م، ٥٨٤/٧ ؛ السمرقندي، د.ت، ٣٤٦/١). واتە: ئەی باوەڕداران پێویستە لەسەرتان دادپەروەری بکەن، با ئەنجامدانی دادپەروەری ببێتە نیشانەی ڕەوشت و کاروکردەوەکانتان.

لەو ئایەتانە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، قورئانی پیرۆز پانتاییەکی فراوانی بۆ بابەتی جێبەجێکردنی دادپەروەری لە لایەن دەسەڵاتدارەوە تەرخانکردووە، لە چەندین ئایەتدا فەرمانی بە پێغەمبەر(ﷺ) و دەسەڵاتدارانی موسڵمان کردووە دادپەروەری لەگەڵ خەڵکدا بکەن، چونکە شەریعەتی ئیسلام بە ڕەهایی دادپەروەرە و ڕێگا بە ئەنجامدانی ستەم نادات، لەسەر کاربەدەستانی موسوڵمان پێویستە بەپێی ئەم شەریعەتە فەرمانڕەوایی بکەن، سەرباری ئەوەش پێویستە لەسەریان چاکەکار و بەخشندە بن و ڕێگا نەدەن کاری نەشیاو و بەدڕەوشتی ئەنجام بدرێت، چونکە دەسەڵات ئەمانەتە لە ئەستۆی فەرمانڕەوا و دەبێت بە باشترین شێوە کاری خۆی ئەنجام بدات، و خۆی لە ستەم و زۆرداری بەدوور بگرێت، نەك تەنیا بەرانبەر مسوڵمان و لایەنگرانیان، بەڵکو پێویستە بەرانبەر دوژمنەکانیانیش دادپەروەری بکەن.

## ٢- ستەم (الظلم) لە قورئانی پیرۆز:

هاوشێوەی دادپەروەری، لە چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆز باس لە ستەم کراوە و ئەنجامدەرانی بە ستەمکار ناوهێنراون، تەنانەت هۆشداری بە فەرمانڕەوای ستەمکار دراوە کە دەست لە ستەم هەڵگرن و دادپەروەری بکەن، لێرەدا تەنیا چەند

ئایەتێك لەوانەی بە ستەمی دەسەڵاتدارەوە گرێدراوە دەخەینەڕوو.

خودای گەورە دەفەرموێت: {وَلَا تَحْسَبَنَّ اللَّهَ غَافِلًا عَمَّا يَعْمَلُ الظَّالِمُونَ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ تَشْخَصُ فِيهِ الْأَبْصَارُ} (ابراهیم، ٤٢). لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا هاتووە: ((هذا وعيد للظالم وتعزية للمظلوم، وذلك تنبيه على أنَّه تبارك وتعالى لو لم ينتقم للمظلوم من الظَّالم للزم إمَّا أن يكون غافلاً عن ذلك الظَّالم، أو عاجزاً عن الانتقام، أو كان راضياً بذلك الظُّلم ولما كانت الغفلة، والعجز، والرّضا بالظُّلم محالاً على الله امتنع أن لاينتقم من الظَّالم للمظلوم. {إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ} يمهلهم ويؤخر عذابهم)) (الثعلبي، ٢٠٠٢م، ٤٠٥/١٥ ؛ ابن عادل، ١٩٩٨م، ٤٠٥/١١). واتە: ئەم ئایەتە هەڕەشەیە بۆ ستەمكار و دڵنەواییە بۆ ستەملێكراو، ئەگەر خودای گەورە تۆڵەی ستەملێكراو لە ستەمكار نەكردبێتەوە، ئەمە پێویستی بە یەكێك لە سێ شتە دەبێت: یان خودای گەورە بێ ئاگایە لە ستەمی ستەمكار، یان توانای سزادانیانی نییە، یان بە ستەمەكە ڕازییە، هەموو ئەمانە هەرگیز لە خودای گەورە و باڵادەست ناوەشێتەوە، بۆیە بە دڵنیاییەوە خودای گەورە تۆڵەی ستەملێكراو لە ستەمكار دەكاتەوە، تەنیا دوایان دەخات، واتە سزایان دوادەخات لەسەر حیكمەتێك كە خۆی دەیزانێت.

لە ئایەتێكی دیكەدا خودای گەورە ئاگاداری خەڵكی دەكاتەوە كە خۆیان بە دوور بگرن لە ستەمكاری و لێیان نزیك نەبنەوە، كە دەفەرموێت: {وَلَا تَرۡكَنُوٓاْ إِلَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ فَتَمَسَّكُمُ ٱلنَّارُ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ مِنۡ أَوۡلِيَآءَ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ } (هود، ١١٣). لە ڕاڤەكردنی ئەم ئایەتەدا هاتووە: (( لَا تَسْكُنُوا إِلَى الَّذِينَ ظَلَمُوا، فَتُصِيبَكُمُ النَّارُ أَيْ: أَعْوَانٍ يَمْنَعُونَكُمْ مِنْ عذابه)) (البغوي، ١٤٢٠ه، ٤٦٩/٢). واتە: لەم ئایەتەدا خودای گەورە هۆشداری داوەتە مسوڵمانان كە بە دەم پیاوی ستەمكار نەچن و نەبنە هاوكاریان، تەنانەت مەیل و ڕازیبوونتان بۆ كردەوەكانیان نەبێت، چونكە بەهۆی ئەم كارەوە تووشی ئاگری دۆزەخ دەبنەوە، جگەلە خودای گەورە هیچ یارمەتیدەرێك یان پشتیوانێك نادۆزنەوە كە بتانپارێزێت لە سزاكەی، ئینجا هیچ سەركەوتن و ڕزگاربوونێكتان لەلای ئەو نابێت.

دەتوانین ئاماژە بەوە بكەین، قورئانی پیرۆز زۆر بە ئاشكرا باسی خراپەی ستەم و لێكەوتەكانی دەكات، خودای گەورە بەوە ڕازی نابێت دەسەڵاتداران ستەم و زۆرداری بكەن، لە هەمان كاتدا ئاگاداری كردوونەتەوە لەوەی ئەگەر لە فەرمانڕەوایی خۆیاندا ستەم بكەن ئەوا تۆڵەیان لێدەكاتەوە، ئەوەشی ڕوونكردۆتەوە نابێت مسوڵمانی ژێر بێتە ژێردەستەی دەسەڵاتداری ستەمكار، چونكە چارەنووسیان ئاگری دۆزەخ دەبێت.

**تەوەرەی سێیەم: دادپەروەری (العدل) و ستەم (الظلم) لە فەرموودەكانی پێغەمبەر (ﷺ):**

**١- دادپەروەری (العدل) لە فەرمووده پیرۆزەكان:**

دادپەروەری لە فەرمانڕەواییدا بەرپرسیارێتییەكی گەورەیە، جێبەجێكردنی دەبێتەهۆی سەقامگیری و تەبایی لە كۆمەڵگادا، هەروەكو ئاشكرایە فەرموودەكانی پێغەمبەر (ﷺ) دووەم سەرچاوەی شەریعەتی ئیسلامی یە لە دوای قورئانی پیرۆز، فەرموودەكانی پێغەمبەر (ﷺ) شەرعیەتی فەرمانڕەوا بە جێبەجكردنی دادپەروەری پشتڕاستدەكاتەوە، ئەم فەرموودانە ڕێگای سەركەوتنی پادشا لە ژیانی فەرمانڕەواییەكەی بە جێبەجێكردنی دادپەروەری گرێداوە. بابەتی جێبەجێكردنی دادپەروەری و مەترسی ستەمكردن لە چەندین فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) باسی لێوەكراوە، لە ڕاستیدا فەرموودەكان لە بارەی دادپەروەرییەوە زۆرن، لێرەدا تەنیا چەند فەرموودەیەك لە بارەی دادپەروەری فەرمانڕەوا دەخەینەڕوو.

لە فەرموودەیەكدا هاتووە ((إِنَّ مِنْ أَحَبِّ النَّاسِ إِلَيَّ وَأَقْرَبِهِمِ مَجْلِسًا مِنِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ: إِمَامٌ عَادِلٌ)) (البخاري، ١٤٢٢هـ، ١٦٣/٨، ژ: ٦٨٠٦ ؛ الترمذي، ٢٠٠٩م، ١٦٨/٣-١٦٩، ژ: ١٣٧٨). واتە: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێت: ئەو فەرمانڕەوا یان سەركردەیەی دادپەروەری لە نێوان خەڵكدا دەكات و مافی هەموو هاوڵاتیان دەدات، و بەپێی ڕەزامەندنی خودای گەورە حوكم دەكات، ئەوا لە ڕۆژی دواییدا لە پێگەیەكی نزیك لە پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەبێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ كاریگەرییە گەورەكانی دادپەروەری لە چاكسازی كۆمەڵگا و پاراستنی مافی خەڵك. (بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: المناوي، ١٩٨٨م، ٣٠٧/١).

لە فەرموودەیەكی دیكەدا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمویێت ((ثلاثةٌ لا تردُّ دعوتُهُم الصَّائمُ حتَّى يُفْطِرَ والإمامُ العادلُ ودعوة المظلومُ)) (الترمذي، ٢٠٠٩م، ١٨٩/٦، ژ: ٣٩١٥ ؛ أبن حبان، ٢٠١٢م، ٢١١/١، ژ: ١٥٨). واتە: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمویێت: سێ جۆرە مرۆڤ هەن نزاكانیان لە لایەن خودای گەورەوە ڕەتناكرێتەوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ دڵسۆزی پاڕانەوەیان بۆ لای خودای گەورە، یەكەمیان: ڕۆژووان تا ڕۆژووەكەی دەشكێنێت، چونكە لەو كاتەدا پەرستشێكی گەورەی خودای گەورەی بەجێگەیاندووە، دووەمیان: نزای فەرمانڕەوای دادپەروەر، چونكە دادپەروەری یەكێكە لە گەورەترین كردەوەكانی پەرستش، ئەوی تریان: نزای مرۆڤی ستەملێكراو، چونكە ئاگری نادادپەروەری ئازاری داوە، پاڕانەوەیەكی دڵسۆزانە لە دڵێكی شكاوەوە سەرچاوە دەگرێت، بۆیە خودای گەورە نزاكەی قبوڵ دەكات . (بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: ابن الملك، ٢٠١٢م، ٨٠/٣، ژ: ١٦١٤).

لە فەرموودەیەكی تردا باسی پاداشتی فەرمانڕەوای دادپەروەر لە ڕۆژی دوواییدا كراوە: ((سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمُ اللَّهُ تَعَالَى فِي ظِلِّهِ يَومَ لا ظِلَّ إِلَّا ظِلُّهُ: إِمَامٌ عَادل...)) (الترمذي، ٢٠٠٩م، ٤٠٠/٤-٤٠١، ژ: ٢٥٥١ ؛ النسائي، ٢٠٠١م، ٣٩٧/٥، ژ: ٥٨٩٠). واتە: لە ڕۆژی دوواییدا خودای گەورە حەوت جۆرە مرۆڤ لە ژێر سێبەری خۆی دەپارێزێت كە هیچ سێبەرێك جگەلە سێبەری ئەو بوونی نییە، یەكێك لەوان پادشایەكی دادپەروەرە، كە بە شێوەیەكی دادپەروەری كاروباری هاوڵاتیان بەڕێوەدەبات، ئەگەر ئەوە بكات پاداشتەكەی وەردەگرێت، خەڵكەكەش لەوەدا سوپاسگوزار دەبن (بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: القنازعي، ٢٠٠٨م، ٧٦٥/٢). هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمویێت: ((أَهْلُ الْجَنَّةِ ثَلَاثَةٌ: ذُو سُلْطَانٍ مُقْسِطٌ مُصَدِّقٌ مُوَفَّقٌ،...)) (ابن حنبل، د.ت، ٢٨٤/٣٠ الرقم: ١٨٣٤٠ ؛ أبن حبان، ٢٠١٢م، ٢٣٩/٦، ژ: ٥١٦٩). بە مانای ئەوەی:

بەهەشتیەکان سێ جۆرە مرۆڤن، یەکێك لەوان، پاداشایەکی دادپەروەرە، کە لە ماوەی حوکمڕانی خۆیدا دادپەروەری دەکات و هیچ کەسێك لە هاوڵاتیانی ستەمی لێناکرێت، بۆیە خودای گەورە سەرکەوتنی پێدەبەخشێت و ئاسانکاری بۆ چاکسازییەکانی دەکات (بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: المظهري، ٢٠١٢م، ٢١٧/٥ الرقم: ٣٨٥٧).

لە فەرموودەیەکی دیکەدا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمویێت: ((يَوْمٌ مِنْ إِمَامٍ عَادِلٍ أَفْضَلُ مِنْ عِبَادَةِ سِتِّينَ سَنَةً وَحَدٌّ يُقَامُ فِي الْأَرْضِ بِحَقِّهِ أَزْكَى فِيهَا مِنْ مَطَرِ أَرْبَعِينَ يَوْمًا)) (الطبراني، ١٩٩٤م، ٣٣٧/١١، ژ: ١١٩٣٢ ؛ البيهقي، ٢٠٠٣م، ٢٨٠/٨، ژ: ١٦٦٤٩). ماناکەی بریتییە لە: ڕۆژێك لە حوکمی دەسەڵاتدارێکی دادپەروەر لە پەرستشی شەست ساڵ باشتر و خێرترە، بە هەمان شێوە لە بارانی چل ڕۆژی بەردەوام باشترە، چونکە بەهۆی بارانەوە زەوی و گژ و گیا زیندوودەبێتەوە، بەڵام دادپەروەری فەرمانڕەوا دەبێتەهۆی سزادانی گەندەڵکاران و ستەمکاران، هەروەها خۆشگوزەرانی و ئاشتی و تەبایی ڕوو لە هاوڵاتیان دەکات (بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: الفيومي، ٢٠١٨م، ١٤٨/١٠-١٤٩، ژ: ٣٥٤٢).

بە هەمان شێوە پێغەمبەر (ﷺ) لە فەرموودەیەکی دیکەدا دەفەرمویێت: ((إِنَّ الْمُقْسِطِينَ، عِنْدَ اللَّهِ، عَلَى مَنَابِرَ مِنْ نُورٍ. عَنْ يَمِينِ الرَّحْمَنِ عز وجل. وَكِلْتَا يَدَيْهِ يَمِينٌ؛ الَّذِينَ يَعْدِلُونَ فِي حُكْمِهِمْ وَأَهْلِيهِمْ وما ولوا)) (مسلم، ١٩٥٥م، ١٤٥٨/٣، ژ: ١٨٢٧). واتە: بەڕاستی دادپەروەرەکان لەسەر مینبەرەکانی ڕووناکی لەگەڵ خودای گەورەدا دەبن، چونکە ئەوان دادپەروەری جێبەجێ دەکەن و ستەم لە میللەت ناکەن، مینبەری ڕووناکی واتە کورسی بەرز و درەوشاوە، ئاماژەیە بۆ شەرەف کەرامەتیان لە بەردەم خودای گەورە، لە دەستی ڕاستی خودای گەورەی میهرەبان، واتە لە پێگەی شەرەف و ڕێزدا، دەستی ڕاست لێرەدا ئاماژەیە بۆ نیعمەت و پێگەی بەرز بۆ ئەوانەی لەگەڵ خێزان و خەڵکی دیکەدا دادپەروەرن، واتە، لە حوکمەکانیان لە نێو خێزان و خزمەکان و هەموو هاوڵاتیاندا و دادپەروەری دەکەن (بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: النووي، ١٣٩٢هـ، ٢١١/١٢، ژ: ١٨٢٧).

**٢- ستەم (الظلم) لە فەرمووده پیرۆزەکان:**

لە بەرانبەر دادپەروەری، ستەمی دەسەڵاتدار و سزای ستەمکاران لە چەندین فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) ئاماژەی پێکراوە.

لە فەرموودەیەکدا هاتووە: ((من طلب قضاءَ المسلمين حتى ينالَه ثم غَلبَ عدلُه جَوْرَه، فله الجنَّة، ومن غلبَ جورُه عدْلَه فله النار)) (أبو داود، ٢٠٠٩م، ٤٢٩/٥، ژ: ٣٥٧٥). لە شیکردنەوەی ئەم فەرموودەیەدا هاتووە: هەر کەسێك ببێتە فەرمانڕەوای موسڵمانان، دادپەروەریی لە ستەمی بەهێزتر و زیاتر بێت و هاوڵاتیانی تووشی ستەم و زۆرداری نەبن، ئەوا پاداشتەکەی بەهەشت دەبێت، بە پێچەوانەوە ئەگەر زۆرداریيەکەی لە دادپەروەری زیاتر بێت و مەبەستی چەوساندنەوەی خەڵکی بێت و تەوبە نەکات، ئەوا شایەنی دۆزەخە (بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: المظهري، ٢٠١٢م ، ٣١٤/٤، ژ:٢٨١٣). لە شیکردنەوەیەکی دیکەدا هاتووە: ئەگەر فەرمانڕەوایەك خۆی لە هۆکارەکانی گەیشتن بە ستەم پاراست و سەرکەوتوو بوو لە جێبەجێکردنی دادپەروەری، پاداشتەکەی بەهەشتە، بەڵام ئەگەر سەرکەوتوو نەبوو لە جێبەجێکردنی دادپەروەری و ستەم ئەنجام بدات، ئەوا شوێنەکەی دۆزەخ دەبێت (بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: البيضاوي، ٢٠١٢م، ٥٦٠/٢، ژ: ٢٨١٣)

لە فەرموودەیەکی (قودسی) دا پێغەمبەر (ﷺ) لە خودای گەورەوە دەگێڕێتەوە کە دەفەرمویێت: ((يا عِبَادِي إنِّي حَرَّمْتُ الظُّلْمَ علَى نَفْسِي، وَجَعَلْتُهُ بيْنَكُمْ مُحَرَّمًا، فلا تَظَالَمُوا)) (مسلم، ١٩٥٥م، ١٩٩٤/٤، ژ: ٢٥٧٧ ؛ ابن حبان، ٢٠١٢م، ٤٧٧/٥، ژ: ٤٧٧٦). واتە: بە مانای ئەوەی، خودای گەورە ستەم و زۆرداری لەسەر خۆی قەدەغە کردووە، واتە: هەرچەندە خودای گەورە توانای ستەمی هەیە، بەڵام بەهۆی نیعمەت و بەخشندەیی و میهرەبانی خۆیەوە ستەم و زۆرداری لە بەندەکانی ناکات، حوکم و پاداشتی بۆ بەندەکانی زۆر گەورەیە، ئەگەر چاکەیەك بکەن، دە چاکەیان بۆ دەنووسرێت و پاداشتەکە وەردەگرن، و ئەگەر خراپەیەك بکەن، تەنیا بە ئەندازەی خراپەکە، سەرپێچیان بۆ دەنووسرێت، بۆیە خودای گەورە ڕێگا بە ئەنجامدانی ستەم و زۆرداری لە ناو خەڵکدا نادات، واتە: خودای گەورە حوکمی داوە کە نابێت مرۆڤ زۆرداری لە یەکتری بکەن، کەواتە ستەم لە یەکتری نەکەن، ئەوەش دووپاتکردنەوەیە لەسەر قەدەغەکردنی ستەم لە نێوان مرۆڤەکاندا. (ابن الفوزان، ١٤٣٥ه، ٢٣٤/١٠).

ستەم لە فەرموودەی تردا هاتووە کە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمویێت: ((الظُّلْمُ ظُلُمَاتٌ يَومَ القِيَامَةِ)) (البخاري، ١٤٢٢هـ، ١٢٩/٣، ژ: ٢٤٤٧ ؛ مسلم، ١٩٥٥م، ١٩٩٦/٤، ژ:٢٥٧٩). واتە: ئەی ستەمکار ئەوە بزانە کە ستەم دوو گوناهی گەورە لەخۆدەگرێت، بردن و زەوتکردنی ماڵ و موڵکی خەڵك بە ناڕەوا، و دژایەتیکردن و سەرپێچیکردنی فەرمانی خودای گەورەیە بۆ جێبەجێکردنی دادپەروەری، چونکە زۆر جار لاواز و بێدەسەڵاتەکان ستەمیان بەرانبەر دەکرێت، جگەلە پاڕانەوە و نزاکردن هیچ هێزێکیان نیە (ابن الجوزي، د.ت، ٥٥٩/٢-٥٦٠، ژ: ١١٥٦).

لە فەرموودەیەکدا هاتووە ((أَبْغَضَ النَّاسِ إِليَّ يَوْمَ القِيَامَةِ وَأَشَدَّهُم عَذَابًا: إِمَامٌ جَائرٌ)) (البخاري، ١٤٢٢هـ، ١٦٣/٨، ژ: ٦٨٠٦ ؛ الترمذي، ٢٠٠٩م، ١٦٨/٣-١٦٩، ژ: ١٣٧٨). واتە: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمویێت: هەر پادشایەك یان سەرکردەیەك بە ناڕەوایی حوکم بکات، یان کاتێك دەسەڵاتی خۆی بەکاردێنێت بۆ چەوساندنەوەی خەڵك، دەبێتە ڕقترین کەس بۆ پێغەمبەر (ﷺ) لە ڕۆژی دواییدا و بە توندترین شێوە سزا دەدرێت، چونکە خەڵکی گشتی بەهۆی ستەم و زۆرداریيەکەیەوە تووشی نەهامەتی و دەربەدەری دەبن (بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: المناوي، ١٩٨٨م، ٣٠٧/١).

بە پشتبەستن بەو زانیاریيانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین: پێغەمبەر (ﷺ) لە چەندین فەرموودەدا گەورەیی و خێر و چاکەی دادپەروەری دیاردەکات، لە هەمان کاتدا هۆشداری داوەتە فەرمانڕەوای موسڵمان لەوەی ستەم لە خەڵکی گشتی نەکەن، چونکە خودای گەورە نزای ستەملێکراو قبوڵ دەکات

و تۆڵە لە ستەمکار دەکاتەوە، ئەوەشی ڕوونکردووەتەوە پادشای دادپەروەر پلەوپایەی بەرزی لە لای خودای گەورە هەیە و پاداشتیان بەهەشتە، لە کاتێکدا خودای گەورە پەیمانی داوە تۆڵە لە ستەمکار بکاتەوە و چارەنووسیان دۆزەخە.

### تەوەرەی چوارەم: دادپەروەری و ستەم لە لای بیرمەندانی موسڵمان لە سەدەکانی (پێنجەم و شەشەمی کۆچی/یازدەیەم و دوازدەیەمی زایینی)

#### ١- دادپەروەری لە لای بیرمەندانی موسڵمان:

ئایینی ئیسلام گرنگی تایبەتی بە چۆنیەتی فەرمانڕەواییکردن داوە، بە تایبەتی جێبەجێکردنی دادپەروەری، کە بناغەیەکی گرنگە بۆ بەردەوامی و ڕاست و ڕەوایی دەسەڵاتدار، هەروەکو پێشتر ئاماژەی بۆکرا چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ) جەخت لە جێبەجێکردنی دادپەروەری دەکەنەوە، بەم شێوەیە ڕەهەندە سیاسییەکانی گەورەیی و گرنگی دادپەروەری جێگەیەکی بەرچاویان لە نێو بیرمەندانی موسڵمان وەرگرتووە، بۆیە گرنکی تایبەتیان بە چۆنیەتی شەرعیەتی دەسەڵاتی فەرمانڕەوای مسوڵمان داوە، لە ڕاستیدا لەم تەوەرەیەدا ناتوانین بۆچوون و شرۆڤەی هەموو بیرمەندانی موسڵمان لە بارەی دادپەروەری یان ستەم وەرگرین، تەنیا کورتەیەك لە ناوەرۆکی هەندێك لە پەرتووکی بیرمەندانی موسڵمان، بە تایبەتی ئەوانەی سەرەکی و ناوداری پێش سەردەم ئەیوبی تا سەردەمی دەوڵەتی ئەیوبی ڕووندەکەینەوە، لەوانە:

یەکێک لە بیرمەندانی موسڵمان کە باسی دادپەروەری کردووە, (ابو منصور الثعالبي) (م: ٤٢٩ك/ ١٠٣٨ز)[9]یە، کە لە بەشێکی پەرتووکی خۆی بە ناونیشانی ((في فضل العدل الذي هو أفضل أخلاق الملوك))، لە بارەی باشە و چاکەی دادپەروەری کە باشترین ڕەوشتی پاشایە، باسی دادپەروەری دەکات و دەڵێت ((دادپەروەری ئەو بناغەیەیە کە ئاسمان و زەوی لەسەر بنیاتنراوە، چونکە دادپەروەری لە هەموو ئایین و مەزهەبەکان، لە نێو گەڵ و نەتەوەکاندا، وەك پایەی ئایین و بناغەی حوکمڕانی و سەرچاوەی سیاسەت سەیردەکرێت، دەکرێت بڵێین دادپەروەری بەرزترین خاسیەتی سیاسەتی سەرکەوتووە، سوودەکانی سوڵتانی دادپەروەر زۆرن، لەوانە: پاراستنی مافەکانی هاونیشتمانیان، لە هەمان کاتدا سوودێکی زۆری بۆ فەرمانڕەوا هەیە، وەکو: بەرزبوونی شکۆمەندی و پێگەی لە لای پادشایانی دیکە، سەرباری ئەوەش هاونیشتمانیانی گوێڕایەڵی دەکەن، تەنانەت خەڵکی دیکەش کە گوێیان لە دەنگوباسی دەبێت خۆشناندەوێت، بەم شێوەیە نیعمەتەکانی خودای گەورە لە دونیادا بەسەر دەبارێت و لە ڕۆژی دواییشدا پاداشتی لەسەر وەردەگرێت)) (الثعالبي، ٢٠٠٥م، ل٨٩).

بیرمەندی ناوبراو باسی بارودۆخی وڵات لەژێر حوکمی پادشای دادپەروەر دەکات و دەڵێت ((ئەگەر سوڵتان دادپەروەر بێت، بارودۆخی وڵات سەقامگیر دەبێت و ستەمکار و تاوانباران بە سزای خۆیان دەگەن، لەم ڕەوشەدا پێویستە هاوڵاتیان ئەم سوڵتانە بە نموونە و پێشەنگی خۆیان بزانن و بەهەموو شێوەیەك بەرگری لێبکەن و بیپارێزن، چونکە فەرمانڕەوای دادپەروەر شارەزای ڕێکخستنی کاروباری وڵات و مامەڵەی لەگەڵ دۆست و دوژمنە، کاتێك سوڵتانی دادپەروەر حوکم دەکات، ئەوا ترس لە وڵاتدا نامێنێت و ئاسایش ڕووی تێدەکات، چونکە ئەم پادشایە بەرژەوەندی تایبەتی خۆی لا گرنگ نیە، بەڵکو کاری لە پێشینەی پاراستنی بەرژەوەندی گشتی هاوڵاتیانە، ئەوەش دەبێتەهۆی بەختەوەری و کامەرانی لە سەرتاسەری وڵات، هەروەها کاتێك سوڵتان ملکەچی فەرمانەکانی خودای گەورەیە بۆ جێبەجێکردنی دادپەروەری، ئەوا هاوڵاتیان لە نزیکترین و دوورترین شوێنی وڵات ملکەچی بڕیارەکانی دەبن، بۆیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی ئەگەر پادشا بەم جۆرە دڵسۆز بێت لە جێبەجێکردنی دادپەروەری لەناو خەڵکدا، ئەوا هاوکاری و پارێزگاری خودای گەورە بەدەست دێنێت)) (الثعالبي، ٢٠٠٥م، ل٩٠).

هەروەها بیرمەندی بەناوبانگی موسڵمان (الماوردي) (م: ٤٥٠ك/ ١٠٥٩ز)[10] لە چەند پەرتووکی خۆی باسی گرنگی و جێبەجێکردنی دادپەروەری دەکات، ناوبراو دادپەروەری بە یەکێك لە مەرجەکانی خەلیفە یان دەسەڵاتداری مسوڵمان ئەژمار دەکات (الماوردي، ٢٠٠٦م، ل١٩). ئەم بیرمەندە تا ڕادەیەك بە درێژی باسی ئەم بابەتەی کردووە، کاتێك ئاماژە بەوەدەکات: ئەو سوڵتانەی چاکسازی لە وڵاتی خۆی ئەنجام دەدات، ئەوا پێی دەگوترێت فەرمانڕەوای دادپەروەر، ئەوەش بەجێنایەت ئەگەر چاکسازی لە خودی خۆی دەستپێنەکات، ئەگەر ئەوە بکات، ئەوا زۆر بە ئاسانی لە وڵاتدا ئەنجامی دەدات، لەبەرئەوە میللەت پێویستی بە سوڵتانێکی لێهاتوو و دادپەروەر هەیە بۆ ئەوەی لە ئارامی و سەقامگیریدا بژین، چونکە فەرمانڕەوای بەهێز و دادپەروەر توانای چاکسازی لە وڵاتێکی وێرانە و تێکچوو هەیە، بەڵام ئەگەر ئەم سوڵتانە دەسەڵاتی خۆی بە خراپی بەکارهێنا و ستەم و زۆرداری ئەنجامدا، دەبێتە هۆکاری ناهەمواری و تێکچوونی ئەو بارودۆخە ڕێکخراوەی لە وڵاتدا بوونی هەیە، چونکە دادپەروەری لە حوکمڕانیدا لە ڕێگای ئەنجامدانی چاکسازی لە دەوڵەتدا سەرچاوە دەگرێت، ئەوەش بەوە ڕووندەبێتەوە کاتێك میللەت لە ژیانی ئایینی و دونیایی خۆیان خۆشگوزەران بن، کە دەبێتەهۆی ئاوەدانی و سەقامگیری لە وڵاتدا، ئەمانە نیشانەی کارەکانی سوڵتانی دادپەروەرە، بەوەش پێگە و

---

[9] الثعالبي: ابو منصور عبد الملك کوڕی محمد کوڕی اسماعیل، لە ساڵی (٣٥٠ك/٩٦٢ز) لە شاری نیسابور لە دایکبووە، ناسراو بە (ابو منصور الثعالبي)، بیرمەندێکی ناودار بووە، لە هەمان باژێر لە ساڵی (٤٢٩ك/١٠٣٨ز) مردووە، چەندین بەرهەمی نووسیوە، يتيمة الدهر، سحر اللغة، لطائف المعارف، تحفة الوزراء، اداب الملوك، و زۆری تر. ابن خلكان. ١٩٧٠م، ٣/١٧٨-١٨٠ ؛ الذهبي، ١٩٨٥م، ١٧/٤٣٧-٤٣٨ ؛ الزركلي، ٢٠٠٠٢م، ٤/١٦٣-١٦٤.

[10] الماوردي: أبو الحسن علي کوڕی محمد کوڕی حبيب البصروي، ناسراو بە (الماوردي)، چونکە خۆی و بنەماڵەکەی پیشەی فرۆشتنی ئاوی گوڵ (واتە: گوڵاو)یان هەبوو، یەکێکە لە بیرمەندە ناودارەکانی موسڵمان، لە ساڵی (٣٦٤ك/٩٧٥ز) لە شاری بەصرە لە دایکبووە، دواتر ڕوویکردە بەغداد و نیشتەجێ بووە، لە هەمان شار و لە ساڵی (٤٥٠ك/١٠٥٩ز) مردووە. چەندین بەرهەمی هەبووە، لەوانە: أدب الدنيا والدين، الأحكام السلطانية، تفسير القرآن الكريم المعروف ب النكت والعيون، نصيحة الملوك، أدب الوزير، و زۆری تر. ابن خلكان، ١٩٧٨م، ٣/٢٨٢-٢٨٤ ؛ الذهبي، ١٩٨٥م، ١٨/٦٤-٦٨ ؛ الذهبي، ١٩٩٣م، ٢٥٢-٢٥٦. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: وهبان، ٢٠٠١م.

کەسایەتیەکەی بەهێز دەبێت، بە پێچەوانەوە ئەگەر هاوڵاتی لە بارودۆخێکی نەخوازارو و ناهەمواردا بژین، مانای ستەمی فەرمانڕەوای وڵاتە، بەوەش پێگە و دەسەڵاتی ئەم سوڵتانە دەپووکێتەوە و لاواز دەبێت (الماوردي، ١٩٨٣م، ل١٩٦).

بۆیە نابێت فەرمانڕەوای دادپەروەر هەوڵبدات پێگەو و دەسەڵاتی خۆی لەسەر حیسابی میللەتەکەی بەرز بکاتەوە، چونکە ناکرێت سوڵتان کۆشکی خۆی لەسەر بناغەی وێرانکردنی خانووی خەڵك بنیاتبنێت، هەروەها بۆی نیە لە ڕێگەی بەتاڵکردنەوە و تاڵانکردنی موڵك و ماڵی خەڵکی ئاسایی گەنجینەی خۆی پڕ بکات، چونکە ڕووی ڕاستەقینەی سوڵتان لە کۆشکی گرانبەها، خزمەتکار، لەشکر، گەنجینەکانی دیارنابێت، بەڵکو لە ڕێگای پێشکەوتنی دەوڵەت و دەوڵەمەندی و خۆشگوزەرانی میللەتەکەی، و بەرزی پێگەی زانا و فەرمانبەرانی دەوڵەتەکەی دیاردەبێت، چونکە هێز و شکۆمەندی فەرمانڕەوا لە پەیوەندی بە دوژمنەکانیەوە نیە، بەڵکو لە گوێڕایەڵی و دڵسۆزی هاوڵاتیانی سەرچاوە دەگرێت، کە بە خۆشەویستی و دڵسۆزی خۆیان پشتگیری دەکەن و دەیپارێزن، ئەو سوڵتانەی تەنیا پشت بە لەشکر و دەستوپێوەندی دەبەستێت، فەرمانڕەوایەکی لاواز و بێ دەسەڵا تە، پێویستە ئەوە بزانێت مەترسی دەرەکیش ئەوەندەی پێشێلکردنی مافی میللەتەکەی مەترسیدار نییە، بۆیە کاتێك سوڵتان دادپەروەری لەگەڵ میللەتەکەی دەکات و گرنگیان پێدەدات و مافەکانیان بۆفەراهەم دەکات،ئەوا پێگە و شکۆمەندی زیاتر و بەهێزتر دەبێت، پەیوەندی نێوان فەرمان ڕەوا و میللەتەکەی لەسەر بناغەی نزیکایەتی و بەرژەوەندی هاوبەش دامەزراوە(الماوردي،١٩٨٣م،ل١٩٦-١٩٧).

(الماوردي) باس لە ئەرکەکانی سوڵتان دەکات و دەڵێت ((کاتێك فەرمانڕەوای وڵات داوای گوێڕایەڵی و ئامۆژگاری و هاوکاری لە میللەتی خۆی دەکات و باج و زەکاتیان کۆدەکاتەوە، لە بەرانبەردا پێویستە خۆشگوزەرانی بۆ میللەتەکەی فەراهەم بکات و پارێزگاری لە بیروباوەڕیان بکات، هەروەها پێویستە کار بۆ ئاوەدانکردن و سەقامگیری وڵات بکات، ماڵ و موڵك و ژیانی هاوڵاتیان بپارێزێت، پێویستە لە کاتی حوکمڕانیدا بەرگری لە بێهێز و ستەملێکراوەکان بەرانبەر بەهێز و ستەمکاران بکات، بە هەمان شێوە پێویستە بەپێی فەرمانەکانی خودای گەورە دادپەروەری لە نێو خەڵکدا بپارێزێت، سەرەڕای ئەوەش پێویستە بەپێی شەریعەتی ئیسلامی مافە داراییەکانی هاونیشتمانیان لە خەزێنەی دەوڵەت (بیت المال) دابین بکات، لە لایەکی دیکەوە سنووری وڵات بپارێزێت و بەرگری لە هەر هێرشێکی دوژمنکارانە بکات، ئەگەر سوڵتان هەموو ئەم کارانە جێبەجێ بکات، ئەوا بە کەسێکی دادپەروەر لە قەڵەم دەدرێت، بە پێچەوانەوە ئەگەر کارەکانی خۆی جێبەجێ نەکات و مافەکانی هاوڵاتی پشتگوێ بخات، ئەوا فەرمانڕەوایەکی ستەمکارە)) (الماوردي، ١٩٨٣م، ل١٩٩).

بیرمەندی ناوبراو باس لە ڕۆڵی سوڵتانی دادپەروەر لە لەناوبردنی گەندەڵی و نەهێشتنی کارە خراپەکان لە دەوڵەتدا دەکات و دەڵێت ((پێویستە فەرمانڕەوای دادپەروەر بەپێی شەریعەتی ئیسلامی کاروبارەکانی وڵات بەڕێوەببات و ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی هەموو قەدەغەکراوەکان بکات، کە بریتین لە هەموو جۆرەکانی گەندەڵی و سەرپێچی و کردەوە خراپەکانی هاوڵاتی وەکو، کارە بەدڕەوشتییەکان و خواردنەوەی مەی و زۆری تر، لە هەمان کاتدا پێویستە وڵات و میللەتی خۆی لە مەترسییە دەرەکییەکان بپارێزێت، بەم شێوەیە فەرمانڕەوا دەتوانێت گرنگی بە گەشەسەندن و ئاوەدانکردنەوەی وڵات بدات، لە ئەنجامدا هاوڵاتیان دوور لە ترس و دڵەڕاوکێ لە ئاسایش و سەقامگیریدا دەژین و سەرەنجیان لەسەر سامان و داهاتی خۆیان دەبێت، ئەمەش دەبێتە کارئاسانی بۆ گەڕاندنەوەی مافە داراییەکانی دەوڵەت لە باج و شتی تر)) (الماوردي، ١٩٨٣م، ل٢٠٠).

هەروەها ئەم بیرمەندە بناغەی سیاسەتی سوڵتانی دادپەروەر شیدەکاتەوە و ئاماژە بەوە دەکات: بناغەی سیاسەتی دادپەروەری لەسەر سێ شت دامەزراوە یەکەم: ئارەزوومەندی (الرغبة)، کاتێك فەرمانڕەوا گوێڕایەڵی داواکاری میللەتەکەی دەکات، و ماف و داخوازییەکانیان جێبەجێ دەکات، کە دەبێتەهۆی پاراستنی دەسەڵاتی پادشا، چونکە گەشەکردن و بەردەوامی دەوڵەت گرێدراوە بە بەدەستهێنانی متمانەی هاونیشتمانیان، بەڵام کاتێك هاوڵاتی لە دادپەروەری دەسەڵات بێبەش بێت، گوێڕاڵی فەرمانی سوڵتان ناکات، هەرچەندە خۆیان بە گوێڕالی نیشان دەدەن، بەڵام لەکاتی قەیران و کێشەکاندا چاوەڕێی ڕووخانی ئەو دەسەڵاتە دەکەن و یەکەم کەس دەبن لە سەرپێچیکردنی سوڵتانی ستەمکار)) (الماوردي، ١٩٩٧م، ل٩١).

دووەم: بەکارهێنانی ترس و تۆقاندن (الرهبة) لەکاتی پێویستدا، ئەوەش بۆ لەناوبردنی گەندەڵکار، ستەمکار، و خراپەکاران لە وڵاتدا، کە یەکێکە لە بەهێزترین ئامرازی چاکسازی لە کاروباری دەوڵەت، چونکە نابێت سوڵتان کاروباری وڵاتەکەی پشتگوێ بخات، ئەگەر بارودۆخی وڵات تێکچوو و ئاژاوە هاتەکایەوە، ئەوانەی ئارەزووی سەرپێچی دەکەن لە تێکدانی وڵاتدا ڕۆڵیان دەبێت، گوێڕایەڵی فەرمانی سوڵتان ناکەن و بە ئاسانی سەرپێچی دەکەن، بۆیە پێویستە سوڵتان وریا بێت و ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی ئاژاوەگێری بکات، و وڵاتەکەی بپارێزێت تاکو هاوڵاتیان لە ئارامی و سەقامگیریدا بژین (الماوردي، ١٩٩٧م، ل٩٢).

سێیەم: دادنواندن (الإنصاف): جێبەجێکردنی دادپەروەری، کە بەهۆیەوە کاروباری دەوڵەت ڕێکدەخرێت و کێشە و گرفتی خەڵك چارەسەر دەکرێن، ئەو دەسەڵاتدارەی لە ماوەی حوکمڕانی خۆیدا دادپەروەری ئەنجام بدات، پێویستی بە هاوکاری ژمارەیەکی زۆری لایەنگر نیە، چونکە دادپەروەرییەکەی دەبێتەهۆی سەقامگیری وڵات، چونکە خۆی ڕاستی و ناڕاستی (الحق والباطل) لە یەك جیادەکاتەوە، بەوەش کاروباری دەوڵەت ڕێکدەخرێت و مافەکانی خەڵکیش بەدیدەهێنرێت، تەمەنی دەوڵەت لەسەر بناغەی ستەم و زۆرداری درێژە ناکێشێت، چونکە ستەم کاریگەری خراپی لەسەر بارودۆخی هاوڵاتیان جێدەهێڵێت، تەنانەت ئەگەر ڕێژەی ستەم و زۆردارییەکەش کەم بێت، و ئەگەر ڕێژەی زۆرداریەکە زیاتر بوو، ئەوا کاریگەرییەکەی لەسەر ژیانی هاونیشتمانیان گەورەتر دەبێت، چونکە ئەگەر گەندەڵکار و ستەمکاران لە دەوڵەتدا بەهێز نەبن، ناتوانن سەرپێچی یاسای وڵات بکەن و گەندەڵی و خراپەکاری لە وڵاتدا بڵاوبێتەوە،

کەواتە ئەرکی پادشا بریتیە لە بەدیهێنانی سەقامگیری و خۆشگوزەرانی بۆ میللەتەکەی، ئەوەش پێویستی بە جێبەجێکردنی دادپەروەرییە لە نێو خەڵکدا کە خودای گەورە ئەو ئەرکەی پێ ڕاسپاردووە، بۆیە زۆر گرنگە سوڵتان پێگیری بە بنەماکانی دادپەروەری بکات و مافەکانی هاوڵاتی لە بەرچاو بگرێت (الماوردي، ١٩٩٧م، ل٩٣).

بیرمەندی ناوبراو لە گێرانەوەی وتەیەکدا ئاماژە بەوەدەکات: ((الْملك يبْقى على الْكفْر وَلَا يبْقى على الظُّلم))، واتە: دەوڵەت ڕەنگە لەگەڵ بێباوەڕیدا بمێنێتەوە و بەردەوام بێت، بەڵام هەرگیز لەگەڵ ستەم و زۆرداریدا بەردەوام نابێت و لە ئەنجامدا لەناودەچێت، لێکدانەوە بۆ ووتەیە کراوە و ئەوە ڕوونکراوەتەوە، هەر فەرمانڕەوایەك دەسەڵاتی کەوتەدەست، پێویستە پابەندی جێبەجێکردنی دادپەروەری بێت، لە هەمان کاتدا ئاگاداری بارودۆخی هاوڵاتیانی بیت بەوەی کاربەدەستانی ستەمیان لێنەکەن، چونکە ستەمی پادشا دەبێتەهۆی لاوازی و لەناوچوونی دەوڵەت (الماوردي، ١٩٨١م، ل ١٨٤).

هەروەها دەڵێت ((ئەگەر فەرمانڕەوا دادپەروەری بپارێزێت ئەوا هاوڵاتیان گوێڕایەڵی فەرمانەکانی دەکەن، ئەوەش دەبێتەهۆی بەهێزبوونی دەوڵەت، لە ئەنجامدا ئارامی و سەقامگیری باڵ بەسەر وڵاتدا دەکێشێت و ماڵ و موڵك و سامانی هاوڵاتیان گەشەدەسێنێت، لەوەدا دەکرێت ئەوە ڕوونبێتەوە کە دادپەروەری تەنیا بە گەڕاندنەوەی مافەکان بۆ خاوەنەکانیان سنووردار نیە، بەڵکو ڕەتکردنەوە و گەڕاندنەوەی ماف و شتە زەوتکراوەکانە لە لایەن ئەوانەی دەستیان بەسەر گرتووە، دادپەروەری بەجێگەیاندنی هەردوو ئەرکە، کە بریتین لە فەراهەمکردنی مافەکانی هاوڵاتی و ڕێگری لە زەوتکردنی مافی کەسانی دیکە، لەو بارەیەوە و بۆ جێبەجێکردنی ئەم دادپەروەرییە، سوڵتانی ولات پێویستی بە ڕاوێژکاران و کەسانی لێهاتوو و بە توانا هەیە)) (الماوردي، ١٩٩٧م ، ل ل٩٣-٩٤).

هەروەها دەڵێت ((پادشای دادپەروەر ئەو کەسەیە هاوشێوەی منداڵ و کەسوکارەکەی مامەڵە لەگەڵ میللەتەکەی دەکات، دەبێت هەموو هەوڵێك بدات بۆ فەراهەمکردن و باشترکردنی بژێوی ژیانیان، لە هەمان کاتدا بە بەزەیی و میهرەبانی مامەڵەیان لەگەڵ بکات، هەروەها کەمتەرخەمیان بەرانبەر نەکات و زیانیان لێ دووربخاتەوە و خۆشگوزەرانیان بۆ دابین بکات (الماوردي، ١٩٩٧م، ل١١٤). بە هەمان شێوە ئاماژە بەوەدەکات: ئەو فەرمانڕەوایەی جیاوازی لە نێوان خۆی و خەڵکدا نەکات، بە سوڵتانێکی دادپەروەر دەناسرێت، ئەوەش بەجێدێت کاتێك لە ماوەی حوکمڕانی خۆیدا دادپەروەری لەگەڵ هەموو هاونیشتمانیان بەبێ جیاوازی دەکات و هیچ کۆمەڵێك یان چینێك بەسەر کۆمەڵێکی دیکەوە پەسەند ناکات، بە شێوەیەك حوکمەکەی گشتگیر بێت بۆ کەسانی تایبەت و خەڵکی گشتی کە ماف و ئەرکی هەر یەکەیان دیار بێت و جێبەجێ بکرێت، ئەم کارانەی فەرمانڕەوا دەبێتەهۆی بنبڕکردنی ستەم و زۆرداری لە وڵاتدا)) (الماوردي، ١٩٩٧م، ل ل١١٦-١١٧).

بیرمەندی ناوبراو زیاتر باسی دادپەروەری سوڵتان دەکات و ئاماژە بەوە دەکات: خۆشگوزەرانی خەڵك بە سەرکردایەتی باش و دادپەروەری فەرمانڕەوای وڵاتەوە پەیوەستە، چونکە سوڵتان دڵسۆز چاودێری بارودۆخی وڵاتی دەکات، هەروەها پێویستە کەسانی ڕەوشت بەرز و دڵسۆز لە خۆی نزیکباتەوە و کەسە خراپەکان دووربخاتەوە، ئەوەش بۆ ئەوەی هاوڵاتی چاو لە کەسانی دڵسۆز و لێهاتوو بکەن و بیانکەنە پێشەنگی خۆیان، و لە ڕەفتاری کەسانی خراپ و گەندەڵکاران دووربکەونەوە، چونکە زۆر کەس هەیە لە سروشتی خۆیاندا حەزیان بە خراپەکارییە، بەڵام دەکرێت بە ڕێگەی پەروەردە و ڕێنماییەوە گۆڕانکاری لە سروشتی خۆیاندا بکەن، بەم شێوەیە فەرمانڕەوا دەبێتە هۆکاری گۆڕانکاری لە سروشتی خەڵك لە خراپەوە بۆ باشە، مەبەست لەم گۆڕانکاریە ئەوەیە هاوڵاتی لەژێر دەسەڵاتی سوڵتانی دادپەروەر بە ئاشتی و ئارامی و خۆشگوزەرانی بژین. (الماوردي، ١٩٨١م ، ل ٢٦٧). لە درێژەی ئەم باسەدا دەڵێت ((پێویستە فەرمانڕەوا لە ڕێگەی دادپەروەرییەوە دڵسۆزی ڕاستەقینەیان بەدەست بێنێت، لەوانەیە بە دەسەڵاتی خۆی بتوانێت بەسەر جەستەیاندا زاڵبێت، بەڵام هەرگیز ناتوانێت دڵیان بە لای خۆی ڕاکێشێت مەگەر بە ڕێگەی دادپەروەری و میرهەبانیەوە نەبێت، هەروەکو ووتراوە: دڵی خەڵك گەنجینەی پادشاکەیانە، هەرچی چاکە یان خراپەی تێدا بچێنێت، تێیدا پارێزراوە)) (الماوردي، ١٩٨١م، ل ل٢٨٣-٢٨٤).

لە بارەی گوێڕایەڵی فەرمانڕەوا بۆ سکاڵای هاوڵاتیاندا دەڵێت ((پێویستە فەرمانڕەوا بەرانبەر ستەمکاران توندوتیژ بێت و بەرانبەر ستەملێکراو میهرەبان بێت، نابێت دەرگا بە ڕووی سکاڵاکار دابخات، بەڵکو پێویستە بەربەستی نێوان خۆی و هاوڵاتیان لابدات، چونکە هیچ خێرێك لە حکومەتێکدا نییە کە هاوڵاتیانی دادپەروەری تێدا نەدۆزنەوە، بۆیە پێویستە لەسەر سوڵتان بەدەم ستەملێکراوەوە بچێت و مافەکانیان لە ستەمکار وەربگرێتەوە، چونکە چارەسەرکردنی گلەیی خەڵك و دادپەروەری لەگەڵیان گرنگترین بناغەی سیاسەتە کە بەهۆیەوە سەقامگیری لە وڵات بەرپادەبێت و بەرژەوەندی هاوڵاتیانیش فەراهەم دەبێت)) (الماوردي، ١٩٨١م، ل ل٢٨٤-٢٨٦).

بیرمەندێکی دیکەی موسڵمان کە باس لە دادپەروەری دەکات (نظام الملك الطوسي) (م: ٤٨٥ك/١٠٩٢ز)[11] باسی گرنگی دەسەڵاتی سوڵتانی دادپەروەر لە وڵاتدا دەکات، و دەڵێت ((لە هەموو سەردەمێکدا خودای گەورە یەکێك لە بەندەکانی هەڵدەبژێرێت و دەیکاتە بەرپرسی کاروباری وڵات و گەلەکەی، کە بە ڕێگای جێبەجێکردنی دادپەروەری دەرگای گەندەڵی و نائارامی و ناتەبایی لە وڵاتدا دادەخرێن، و

[11] نظام الملك الطوسي: ابو علي حسن کوڕی علی کوڕی اسحاق کوڕی العباس، لە ساڵی (٤٠٨ك/١٠١٨ز) لە نزيك شاری طوس لە دايکبووە، ناوبراو پۆستی وەزارەتی دەوڵەتی سەلجوقی لە بەغداد لە سەردەمی هەردوو سوڵتان، (الب ارسلان) (٤٥٥-٤٦٥ك/١٠٦٣-١٠٧٣ز) و کوڕەکەی (ملکشاه) (٤٦٥-٤٨٥ك/١٠٧٣-١٠٩٢ز) بوو، لە ساڵی (٤٥٧ك/١٠٦٥ز) قوتابخانەی (النظامية)ی لە بەغداد دروستکرد، لە ساڵی (٤٨٥ك/١٠٩٢ز) لە نزيك شاری ئەصفەهان کوژرا، لەو شارەدا بە خاك سپێردرا. (ابن خلکان، ١٩٧٨م، ٢/١٢٨-١٣١). بۆ زياتر زانياری بڕوانە: محبوبة، ١٩٩٩م.

هاوڵاتیان لە ژێر سێبەری دادپەروەری ئەودا ژیانێکی خۆشگوزەران و سەقامگیریان دەبێت)) (نظام الملك الطوسي، ٢٠٠٧م، ل٤٩).

بە هەمان شێوە ئاماژە بەوە دەکات: کاتێك پادشایەکی دادپەروەر حوکمڕانی لە دەوڵەتێکدا دەکات، خودای گەورە نیعمەتەکانی خۆی بەسەر ئەو میللەتە دەڕێژێت و خۆشگوزەرانی لە نێویاندا دەچەسپێت، لە ئەنجامدا هاونیشتمانیان لەگەڵ بەردەوامی دەسەڵاتی ئەم پادشایە دەبن و نزای خێری بۆ دەکەن، ئەمەش دەبێتەهۆی پێشکەوتنی دەوڵەت و مانەوە و بەهێزی سوڵتان، لە هەمان کاتدا ئەم دەسەڵاتدارە لە خۆشترین ساتەکانی ژیانی حوکمڕانیەکەیدا دەبێت، بەجێهێنانی ئەم جۆرە دادپەروەرییە پێگە و شکۆی سوڵتان لە دونیادا بەرز دەکاتەوە و سەرکەوتن و ڕزگاری لە ڕۆژی دواییدا مسۆگەر دەکات. (نظام الملك الطوسي، ٢٠٠٧م، ل ٥٢).

بە هەمان شێوە ئەم بیرمەندە باسی پێویستی دانیشتنی سوڵتان بۆ گوێگرتن لە سکاڵای خەڵك دەکات و ئاماژە بەوەدەکات: پێویستە دەسەڵاتدار دوو ڕۆژ لە هەفتەیەکدا لە (دیوان النظر في المظالم)[12] ئامادەبێت بۆ گوێڕایەڵی لە گلەیی و نارەزایەتیەکانی هاوڵاتی، بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانیان، ئەم کارەی سوڵتان بۆ ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە خەڵکەوە بکات و گوێڕایەڵی داواکارییەکانیان بکات و لە گەڕاندنەوەی مافەکانیان دڵنیاییان پێبدات، لە هەمان کاتدا سنوورێك بۆ دەستدرێژیکاران و ستەمکاران دابنێت و سزایان بدات، ئەگەر فەرمانڕەوا بەدەم داواکاری خەڵکی ستەملێکراو بچێت، لەو کاتەدا ستەمکار لە ترسی سزای دەسەڵاتدار بوێری ستەم و زۆرداری نابێت، بەم شێوەیە کۆمەڵگا لە ئارامی و تەباییدا دەژین و مافی هیچ کەسیش پێشێل ناکرێت. (نظام الملك الطوسي، ٢٠٠٧م، ل ٥٤).

بیرمەندی ناوبراو ئامۆژگاری فەرمانڕەوا دەکات لە شێوازی گوێگرتن لە سکاڵا و گلەیی خەڵك، کاتێك دەڵێت ((خەڵکێکی زۆر لە کۆشکی سوڵتان کۆدەبنەوە بۆ گەیاندنی سکاڵاکانیان، ئەم دیمەنە زۆر جار کاریگەری نەرێنی لەسەر پێگەی سوڵتان دروستدەکات، چونکە زۆر جار نێردراوی پادشایەك یان بیانیەك سەردانی کۆشك دەکات، بە بینینی ئەم دیمەنە ڕەنگە بە ستەم بەرانبەر خەڵك لێکیبداتەوە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە، باشتر وایە هەر شارێك یان هەرێمێك نوێنەری خۆیان بنێرنە کۆشك و کێشەکانیان چارەسەر بکرێت)) (نظام الملك الطوسي، ٢٠٠٧م، ل٢٨٣).

یەکێکی تر لە بیرمەندانی موسڵمان کە گرنگی بە بابەتی دادپەروەری دەسەڵاتداری موسڵمان داوە، (ابو حامد الغزالي) (م: ٥٠٥ك/ ١١١٢ز)[13] یە کە باسی دادپەروەری فەرمانڕەوای موسڵمان دەکات و چەندین خاسیەتی سوڵتانی دادپەروەری باسکردووە، هەروەها گرنگی و مەترسی دەسەڵاتی شیکردۆتەوە، لەم ڕووەوە ئاماژە بەوەدەکات: زۆر گرنگە سوڵتان هەر لە سەرەتای فەرمانڕەواییەکەی بەها و گرنگی بەرپرسیارێتی بزانێت، درك بەوە بکات پۆستی سەرکردایەتی وڵات نیعمەتێکە لە لایەن خودای گەورەوە پێبدراوە، بۆیە فەرمانڕەوا لە دوو شێوازی حوکمڕانیدا خۆی دەبینێتەوە، ئەوەتا یان دەبێتە سوڵتانێکی دادپەروەر و ئەرکەکانی خۆی بە دروستی جێبەجێ دەکات، بەوەش خۆشی و بەختەوەری ڕووی تێدەکات، یان ستەم و زۆرداری ئەنجام بدات و ئەرکی خۆی بە دروستی جێبەجێ نەکات و کاروباری خەڵکی پشتگوێ بخات، لە ئەنجامدا نەهامەتی گەورەی بەدوادادێت، بۆیە هیچ نیعمەتێك لەوە گەورەتر نیە کە خودای گەورە پۆستی فەرمانڕەواییکردنی وڵاتێك بە کەسێك ببەخشێت، بەڵام ئەگەر دەسەڵاتدار بەها و نیعمەتی ئەم پۆستە نەزانێت و ببێتە شوێنکەوتەی ئارەزووەکانی و ستەم بەرانبەر هاوڵاتیانی ئەنجام بدات، ئەوەش دەبێتەهۆی نەڕازیبوونی خودای گەورە و ڕەنگە بە یەکێك لە دوژمنەکانی خۆی ئەژماری بکات (الغزالي، ١٩٨٨م، ل ل١٤-١٥).

بیرمەندی ناوبراو باسی مامەڵەی سوڵتان لەگەڵ کاربەدەستانی وڵات دەکات و ئاماژە بەوە دەکات: تەنیا ئەوە بەس نیە سوڵتان دادپەروەر بێت، بەڵکو پێویستە هەڵسوکەوتی خزمەتکار و یاریدەدەر و فەرمانبەر و بەرپرسانی دیکەی وڵات ڕاستبکاتەوە و ڕێگە بەوە نەدات ستەم و زۆرداری لە هاوڵاتیان بکەن، چونکە خۆی لە مامەڵە و ستەم ئەواندا بەرپرسیارە، هەروەك چۆن لەسەر هەڵسوکەوت و ستەم خۆی لێپرسینەوەی لێ دەکرێت، بۆیە سوڵتان دەبێت درك بەوەبکات کە هیچ دۆڕانێك لەوە گەورەتر نییە کە مرۆڤ لە پێناو ژیانی دونیای کەسێکی تردا، ئایین و ژیانی دوای مردنی خۆی بفرۆشێت (الغزالي، ١٩٨٨م، ل ٢٢).

هەروەها دەڵێت (( وەك ڕوونە، زۆر کەس بەدوای ئارەزووەکانی خۆیاندا وێڵن، بۆ ئەوەش پەنا بۆ هەموو جۆرە فێڵێك دەبەن، بە هەمان شێوە زۆرێك لە بەرپرسانی وڵات بۆ دەستەکەوتنی قازانجی دونیایی خۆیان سەرنجی فەرمانڕەوا بۆ ئەنجامدانی ستەم و زۆرداری ڕادەکێشن، بۆیە پێویستە سوڵتان ئاگاداری ئەم جۆرە مرۆڤانە بێت و ئەوە بزانێت هیچ دوژمنێك لەو کەسانە مەترسیدار نیە کە لە پێناوی سامانی دونیایی، خۆی و هاوکارەکانی لەناودەبات، بۆیە هەر پادشایەك ئامانجی خزمەتکردنی وڵاتەکەی و جێبەجێکردنی دادپەروەری بێت، پێویستە زۆر وریا بێت لە هەڵبژاردنی کاربەدەستانی وڵات، سەرباری ئەوەش پێویستە چاودێری کارەکانی بەرپرسان

---

[12] النظر في المظالم: یەکێکە لە پۆستە دادوەرییەکان لە دەوڵەتی ئیسلامیدا، مەرجی ئەو کەسەی بەم کارە هەڵدەستێن ئەوەیە، لێهاتوو و دەسەڵاتدار بێت و بتوانێت کێشەکان چارەسەر بکات، چونکە ئەو کێشانە بەڕێوەدەبات کە تایبەتن بە گەورە بەرپرسانی دەوڵەت، بۆیە لە لایەن خەلیفە یان سوڵتانی دەوڵەت بەڕێوەدەبرێت، زۆر جاریش گەورە دادوەران و کەڵەمیران دەکاتە جێگری خۆی. (الماوردي، ٢٠٠٦م، ل١٣٠ ؛ أبو يعلى الفراء، ٢٠٠٠م، ل٧٣ ؛ المقريزي، ١٩٩٨م، ٢/٢٨٠-٢٨١. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: مرسي، ٢٠١٦م).

[13] أبو حامد الغزالي: أبو حامد محمد کوڕی محمد کوڕی احمد الغزالي، فەقیهـ و بیرمەندێکی ناودارە، لە ساڵی (٤٥٠ك/١٠٥٩ز) لە طابران، لە خوراسان لە دایکبووە، گەشتی بۆ چەندین شار کردووە وەکو، نیسابور، طوس، بەغداد، دیمەشق، قودس، و ئەسکەندەریە، لە چەندین قوتابخانەی ئەو شارانە وانەی داوەتەوە، دوای ئەوە گەڕایەوە زێدی خۆی و لە ساڵی (٥٠٥ك/١١١٢ز) لە هەمان شاری لە دایکبوونی، کۆچی دوایی کرد، زۆر بەرهەمی هەبووە، لەوانە: إحياء علوم الدين، تهافت الفلاسفة، الاقتصاد في الاعتقاد، التبر المسبوك في نصيحة الملوك، و زۆری تر. (ابن خلكان، ١٩٧٨م، ٤/٢١٦-٢١٩ ؛ البغدادي، ١٤١٢ه، ٨٧٤/٢ ؛ الزركلي، ٢٠٠٢م، ٢٢/٧-٢٣).

بەرانبەر خەڵك بكات، هەروەها پێویستە هاوشێوەی خێزان و منداڵەكانی خۆی چاودێری خەڵكی گشتی وڵات بكات و مافەكانیان بۆ دابین بكات، ئەوەش بەدینایەت تا سوڵتان لە خودی خۆی دەستپێنەكات، بەوەی ڕێگانەدات ئارەزوو و توڕەییەكەی بەسەر عەقڵ و ئایینەكەی زاڵبن، بەڵكو پێویستە عەقڵ و ئایینی خۆی بكاتە پێشەنگی خۆی و ئارەزوو و توڕەیی بخاتە خزمەتیان)) (الغزالي، ١٩٨٨م، ل٢٢).

پێویستە سوڵتان ئەوە بزانێت كە عەقڵ ڕووناكی فریشتەكانە و سەربازی خودای گەورەیە، لە كاتێكدا ئارەزوو و توڕەیی سەربازی شەیتانن، بۆیە هەر كەسێك عەقڵی كردبێتە دیلی ئارەزوو و توڕەیی خۆی، ناتوانێت دادپەروەری لە نێوان خەڵكدا ئەنجام بدات، ڕووناكی دادپەروەری لە سەرەتا لە ناخی مرۆڤەوە دەستپێدەكات، دواتر لە دڵدا جێگیردەبێت، لە ئەنجامدا ماڵ و خێزان و كەسە نزیكەكانی پێ ڕووناكدەكاتەوە، پاشان كاریگەرییەكەی بۆ خەڵكی گشتی درێژدەبێتەوە، هەر فەرمانڕەوایەك بیەوێت دادپەروەری لەگەڵ هاوڵاتیاندا جێبەجێ بكات، بەبێ ئەوەی سەرەتا لە ناخی خۆی دەست پێبكات، وەك كەسێك وایە بەبێ خۆر بەدوای ڕووناكیدا بگەڕێت، ئەوەش مەحاڵە (الغزالي، ١٩٨٨م، ل ل٢٢-٢٣).

بە هەمان شێوە دەڵێت ((پێویستە فەرمانڕەوا ئەوە بزانێت تەنیا یەكێكە لە خەڵكی ئاسایی، بەڵام خودای گەورە ئەركی بەڕێوەبردنی ولاتی پێ ڕاسپاردووە، بۆیە پێویستە چۆن بەرژەوەندی خۆی و خێزانەكەی دەخوازێت بە هەمان شێوە بەرژەوەندی خەڵكی گشتی لەبەرچاو بگرێت، بە پێچەوانەوە ئەگەر ستەم و زۆرداری لە هاونیشتمانیانی خۆی كرد، ئەوا خیانەتی لە ئەمانەتی دەسەڵات كردووە، چونكە خودای گەورە بۆ ئەنجامدانی دادپەروەری ئەو میللەتەی پێ ڕاسپاردووە)) (الغزالي، ١٩٨٨م، ل٢٦).

(الغزالي) دادپەروەری و یارمەتیدانی خەڵكی گشتی پێ باشترە لە ئەنجامدانی هەندێك لە پەرستشی سوننەتەكانی ڕۆژانە كە بە (نوافل العبادات) ناسراون، ئەوەش شیدەكاتەوە، نابێت سوڵتان بە چاوێكی كەم سەیری ئەو خەڵكە بكات كە بۆ بەدەستهێنانی مافەكانیان و گەیاندنی گلەیی و ناڕەزایەتییەكانیان ڕوو لە دەرگای كۆشكەكەی دەكەن، بەڵكو پێویستە بەدەم جێبەجێكردنی داواكارییەكانیان بچێت و كێشەكانیان بۆ چارەسەر بكات، تەنانەت كاتێك هاوڵاتی داوای پێویستییەك دەكات، نابێت خۆی خەریكی كاری تر بكات و داواكاری خەڵكی پشتگوێ بخات، تەنانەت بەجێگەیاندنی مافەكانی هاوڵاتی گرنگترە لە پەرستشی سوننەتەكانی ڕۆژانە، چونكە خزمەتكردنی خەڵك و جێبەجێكردنی پێداویستیەكانیان لە زۆرێك لە سوننەتەكانی ڕۆژانە چاكتر و باشترە. هەروەها دەڵێت (( نابێت فەرمانڕەوا تەنیا خەریكی ئارەزووەكانی خۆی بێت، وەكو پۆشینی جلوبەرگی جوان و خواردنی بەتام، بەڵكو پێویستە باوەڕی بە بەشی خۆی هەبێت، چونكە ئەگەر باوەڕی بە ڕازیبوون نەبوو، ئەوا ناتوانێت دادپەروەری لە وڵاتدا ئەنجام بدات)) (الغزالي، ١٩٨٨م، ل٢٧).

بە هەمان شێوە ئاماژە بەوەدەكات: پێویستە سوڵتان خۆی لە بەكارهێنانی هێز و توندوتیژی بەدووربگرێت و بە سۆز و میهرەبانیەوە مامەڵە لەگەڵ هاوڵاتیاندا بكات، پێویستە ڕەزامەندی خەڵك و بەجێگەیاندنی مافەكانیان بەپێی شەریعەتی ئیسلام جێبەجێ بكات، بۆیە نابێت هەوڵی ڕازیكردنی هیچ كەسێك بدات كە داواكارییەكەی پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلام بێت، چونكە ئەم شەریعەتە بناغەی جێبەجێكردنی دادپەروەرییە. (الغزالي، ١٩٨٨م، ل ٢٨).

(ابو بكر الطرطوشي) (م: ٥٢٠ك/ ١١٢٦ز)[14] بیرمەندێكی ناوداری موسڵمانە، باسی گرنگی ئەنجامدانی دادپەروەری دەكات، كە تا چ ڕادەیەك دەبێتەهۆی ڕەزامەندی خەڵك و بەردەوامی دەسەڵاتی سوڵتان، هەروەكو ڕوونیدەكاتەوە: باشترین و گرنگترین تایبەتمەندی سوڵتان بریتیە لە جێبەجێكردنی دادپەروەری، ئەوەش بناغەی پادشایەتی و گەرەنتی مانەوەی دەوڵەت و پایەی هەموو سیستەمێكی حوكمڕانیە، خودای گەورە فەرمانی بە دادپەروەری كردووە، پاشان ڕوونیكردووە كە مرۆڤ تەنیا بە دادپەروەری ڕازی نابن، بەڵكو پێویستیان بە ئەنجامدانی چاكەكاری (الإحسان) هەیە، كە لە دادپەروەری بەرزترە، هەروەكو لە قورئانی پیرۆز فەرموویەتی ﴿إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالإِحْسَانِ﴾ (النحل: ٩٠). ئەگەر دادپەروەری بەس بووایە، خودای گەورە نەیدەبەستەوە بە چاكەكردن، چونكە بارودۆخی هەندێك هاوڵاتی باش نابێت و مافەكانی دەستەبەر نابێت تا زیاتر لە دادپەروەری لەگەڵ نەكرێت، ئەوەش چاكەكردن (الإحسان)ە، لەوەدا ڕووندەبێتە كە جێبەجێكردنی دادپەروەری لە لایەن سوڵتانەوە گرنگیەكی زۆری هەیە، ئەوەش مانای ئەوەیە ئەگەر سوڵتان ستەم و زۆرداری لەگەڵ هاونیشتمانیانی خۆی دەكات، كاریگەری نەرێنی زۆری لەسەریان دەبێت (ابو بكر الطرطوشي، ١٩٩٤م، ٢١٣/١).

بە هەمان شێوە ئاماژە بەوە دەكات: دادپەروەری پێوەری خودای گەورەیە لەسەر زەوی، كە بەهۆیەوە مافی لاوازەكان لە بەهێزەكان، ستەملێكراو لە ستەمكار وەردەگیرێتەوە، بۆیە هەر دەسەڵاتدارێك ئەم پێوەرە پشتگوێ بخات و كەمتەرخەمی تێدا بكات، خۆی دەخاتە بەردەم توڕەیی خودای گەورە. (ابو بكر الطرطوشي، ١٩٩٤م، ٢١٣/١-٢١٤). بیرمەندی ناوبراو زیاتر شیكردنەوە بۆ دادپەروەری دەكات و دەڵێت (( پێویستە فەرمانڕەوا ئەوە بزانێت كە دەوڵەت وەك جەستەیەكی مرۆڤ وایە، سەرەكەی پادشاكەیە، دڵی وەزیرەكەیەتی، دەستەكانی یاریدەرەكانیەتی، پێیەكانی هاوڵاتیانن، ڕوحەكەی دادپەروەرییە، جەستەش بێ ڕوح ناژێت و دەمرێت، ئەگەر سوڵتان بیەوێت دادپەروەری بە شێوەیەكی ڕاست و دروست جێبەجێ بكات، پێویستە ئاگاداری ئەوە بێت، كۆمەڵگا بەسەر

[14] ابو بكر الطرطوشي: محمد كوڕی ولید كوڕی محمد كوڕی خلف القرشي الفهري الأندلسي، ناسراو بە (أبو بكر الطرطوشي)، نازناوی (ابن أبي رندقة) بوو، لە ساڵی (٤٥١ك/١٠٥٩ز) لە طەرطوشە، لە ئەندەلوس لە دایكبووە، بیرمەندێكی بەناوبانگی موسڵمانە، ناوبراو لە گەشتێكدا فەریزەی حەجی بەجێگەیاندووە، دواتر هاتووەتە بەغداد، بەصرە، وڵاتی شام، میسر، لە ساڵی (٥٢٠ك/١١٢٦ز) لە شاری ئەسكەندەریە مردووە، چەندین پەرتووكی نووسیوە، لەوانە، سراج الملوك، بر الوالدين، الحوادث والبدع، الفتن،زۆری تر. (ابن خلكان، ١٩٧٨م، ٢٦٢/٤-٢٦٥ ؛ الذهبي، ١٩٨٥م، ٤٩٠/١٩-٤٩٦ ؛ الزركلي، ٢٠٠٢م، ١٣٣/٧-١٣٤).

سێ چیندا دابەشکراوە: گەورە، ناوەڕاست، و بچووک: گەورەکان کە بە تەمەنەکانن وەك باوكێك بزانێت و بەڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکات، ناوەڕاست کە گەنجەکانن وەك برایەك و ڕێزیان لێبگرێت، و بچووکەکانیش کە منداڵەکانن لە شوێنی کوڕەکەی دابنێت و میهرەبانی و بەزەییان پێ بکات، ئەگەر سوڵتان ئەم شتانە لە بەرچاو بگرێت و لەگەڵ میللەتی خۆی جێبەجێی بکات، ئەوا پشتگیری و بەزەیی خودای گەورە بەدەستدێنیت)) (ابو بكر الطرطوشي، ١٩٩٤م، ١/ ٢١٤).

هەروەها دەڵێت (( ئەگەر فەرمانڕەوا لە جێبەجێکردنی دادپەروەری لەگەڵ هاوڵاتیاندا ڕاستگۆ بێت، ئەوا میللەت خۆشیاندەوێت و لە دەوری کۆدەبنەوە، لە کاتێکدا سیاسەتی سوڵتانی ستەمکار دەبێتەهۆی رق و کینەی خەڵك و دوورکەوتنەوەیان، چونکە بەهۆی سیاسەتی فەرمانڕەوای دادپەروەر کاروباری دەوڵەت ڕێکخستوو دەبێت و بەرژەوەندی هاوڵاتی فەراهەم دەبێت، بۆیە باشە و چاکەی پادشا لە گەیاندنی بەخشندەیی دەردەکەوێت، بەهێزییەکەی لە لێبوردن و لێخۆشبوونیدایە، و شکۆمەندی ڕاستەقینەی لە جێبەجێکردنی دادپەروەریدایە)) (ابو بكر الطرطوشي، ١٩٩٤م، ١/ ٢١٤).

بیرمەندی ناوبراو باس لە دەرەنجامی دادپەروەری دەکات و دەڵێت (( کاتێك سوڵتان دادپەروەر بێت، بەرهەمەکەی لەناو خەڵکدا بەدیاردەکەوێت، هاوڵاتیان لە نێوان خۆیاندا دادپەروەر دەبن و ستەم لە یەکتری ناکەن، هەروەها گوێڕایەڵی یاساکانی دەوڵەت دەکەن و بڕیارەکانی دەوڵەت جێبەجێ دەکەن، بەم شێوەیە نیشانەکانی دادپەروەری لە کۆمەڵگادا دەردەکەون و خودای گەورە نیعمەتەکانی خۆی بەسەریاندا دەڕێژێت، بە شێوەیەك بارانی زۆر دەبارێت، زەوی بەرهەمی باشی دەبێت، بازرگانی و کشتوکاڵ گەشەدەکەن، ئاژەڵداری بەرەکەتی دەبێت، رزق و ڕۆزی فراوان دەبێت، نرخی کەلوپەل و خواردەمەنی هەرزان دەبێت، بەم شێوەیە مافەکانی خەڵك فەراهەم دەبێت و لە خۆشگوزەرانیدا دەژین)) (ابو بكر الطرطوشي، ١٩٩٤م، ١/١٨٧).

(الطرطوشي) جیاوازی نێوان سوڵتانی دادپەروەر و ستەمکار بە نموونە باس دەکات و دەڵێت ((نموونەی سوڵتانی دادپەروەری وەك یاقوتێکی بە نرخە کە لە ناوەڕاستی خشڵێکدا دەرازێتەوە، لە کاتێکدا هاوڵاتیان هاوشێوەی دەنکۆڵەکانێن کە دەورەیان داوە، چاوەکان هەمیشە لەسەر ناوەڕاستی خشڵەکەدایە، بۆیە ستایشی دەکرێت، تا ناوەڕاستەکە جوانتر بێت، ئەوە زیاتر لە دەنکۆڵەکاندا ڕەنگدەداتەوە، لە کاتێکدا سوڵتانی ستەمکار هاوشێوەی دڕکی پێ وایە، خاوەنەکەی تووشی ئازاری زۆر دەبێت، چونکە ئازارەکە دەگاتە هەموو جەستەی، بۆیە بە هەموو شێوەیەك هەوڵی دەرهێنانی دەدات)) (ابو بكر الطرطوشي، ١٩٩٤م، ١/ ٤٦٠-٤٦١).

بیرمەندی دیاری موسڵمان و سەردەمی دەوڵەتی ئەیوبی (الشيزري) (م:٥٨٩ك/ ١١٩٣ز)[15] باس لە چۆنیەتی حوکمڕانی سوڵتانی دادپەروەر دەکات، کاریگەری ئەم دادپەروەرییە لەسەر بارودۆخی وڵات شیدەکاتەوە و ئاماژە بەوە دەکات: بەو پێیەی میللەت لە چین و توێژ و گەلانی هەمەچەشن پێکهاتووە کە سروشت و ئامانجی جیاوازیان هەیە، بۆیە پێویستیەکی زۆری بە سوڵتانێکی دادپەروەر هەیە، کە بتوانێت بارودۆخی تێکچووی وڵات ڕاستبکاتەوە، و هاوسەنگی لە نێوان چینەکانی کۆمەڵگادا بپارێزێت، هەر بارگرانیەك لە وڵاتدا هەبێت چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە، هەر کاتێك وڵات لە دەسەڵاتدارێکی ئاوای دادپەروەر بێبەشبوو، ئەوا میللەت هاوشێوەی کەشتیەك لە دەریادا دەبێت، کە بەهۆی با و شەپۆلەکانەوە دەسوڕێتەوە، کەشتیوانەکە وازی لێهێناوە و سەرنشینەکانی ڕادەستی چارەنووسێکی نادیار کراون (الشيزري، ١٩٨٧م، ل ل١٦٣-١٦٥).

بۆیە پێویستە سوڵتان ئەوە بزانێت، میللەت تامەزرۆی فەرمانڕەوایەکی دادپەروەرە، کە بتوانێت وڵات بە باشی بەڕێوەببات، هاوشێوەی ئەوەی مرۆڤ لە وەرزی وشکەساڵیدا تامەزرۆی بارانێکی زۆرن، و دادپەروەری سوڵتان دەبێتەهۆی پێشکەوتن و گەشەسەندنی وڵات، هەروەك چۆن ڕووەك لەگەڵ ئاوی باراندا گەشەدەکات، بەڕاستی سوودی فەرمانڕەوای دادپەروەر بۆ میللەتەکەی لە سوودی باران زیاترە، چونکە باران وەرزییە و کاتێکی دیاریکراوی هەیە، لە کاتێکدا سیاسەتی دادپەروەری بەردەوامە و بێ پچڕانە (الشيزري، ١٩٨٧م، ل ل١٦٥-١٦٦).

بیرمەندی ناوبراو دەڵێت (( دوو جۆرە مرۆڤ لە کۆمەڵگادا هەیە، هەندێکیان باش و چاکەخوازن، هەندێکی دیکەیان گەندەڵ و خراپەخوازن، ئەگەر مرۆڤی چاکەخواز لە کۆمەڵگادا بە کەسانی خراپەخواز و گەندەڵ دەورەدرابن، ئەوا کارە باشەکانیان گەشەناکات، چونکە گەندەڵی بە خێرایی لە کۆمەڵگادا بڵاودەبێتەوە، بۆیە کۆمەڵگا هەمیشە پێویستی بە فەرمانڕەوایەکی دادپەروەر دەبێت بۆ ئەوەی چاکسازی لە وڵاتدا بکات و کار بۆ نەهێشتنی کەسانی گەندەڵی ناو کۆمەڵگا بکات، و سزای ستەمکار و دەستدرێژیکاران بدات، کە دەبێتەهۆی یەکڕیزی و تەبایی و خۆشگوزەرانی هاونیشتمانیان)) (الشيزري، ١٩٨٧م، ل ل١٦٦-١٦٧). بە هەمان شێوە دەڵێت (( میللەتێکی بێ فەرمانڕەوا وەك میگەڵە مەڕێکی بێ شوان وایە، کە بەهۆی نەبوونی چاودێرێك لەسەریان، بڵاودەبنەوە و کێشە دروستدەکەن، بە هەمان شێوە ئەگەر میللەت دەسەڵاتدارێکی ستەمکار حوکمیان لێبکات و کێشەکانیان چارەسەر نەکات، پشێوی و نائارامی لە کۆمەڵگادا دروستدەبێت)) (الشيزري، ١٩٨٧م، ل١٦٧).

(الشيزري) ڕەوشت دەکاتە مەرجێك بۆ سەرکەوتنی پادشای دادپەروەر کە دەڵێت (( کاتێك میللەت پێویستیان بە سوڵتانێکی دادپەروەر دەبێت، پێویستە ئەو پادشایە ڕەوشتێکی بەرزی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت بە دادپەروەری حوکم لەو میللەتە بکات، کاتێك سوڵتان سیاسەتی لەگەڵ میللەتەکەی

---

[15] الشيزري: عبد الرحمن كوڕی نصر كوڕی عبد الله، نازناوی (جلال الدين العدوي)، ناسراو بە (الشيزري)، چونکە لە ساڵی (٥٢٣ك/١١٢٩ز) لە شیزەر لە نزیك حەلەب لە دایکبووە، دواتر چووە قاهیرە و پەیوەندی بە سوڵتان (صلاح الدين) کرد، لە هەمان ساڵی مردنی سوڵتانی ناوبراو لە (٥٨٩ك/١١٩٣ز) کۆچی دوایی کردووە، چەندین بەرهەمی هەبووە، گرنگترینیان (المنهج المسلوك في سياسة الملوك) بۆ سوڵتان (صلاح الدين) نووسی و کردیە دیاری بۆی، جگەلەوەش پەرتووکی، نهاية الرتبة في طلب الحسبة، و خلاصة الكلام فيتأويل الأحلام، نووسی. (المقريزي، ٢٠٠٦م، ٦٣/٤ ؛ الزركلي، ٢٠٠٢م، ٣٤٠/٣.

دادپەروەرانە بێت، ئەوا ماوەی حكومڕانییەكەی درێژ دەبێت، بەڵام ئەگەر پادشا ڕەوشتێكی باشی نەبوو، دەبێتەهۆی تێكچوونی سیاسەتی و لاوازبوونی دەسەڵاتەكەی، هەروەكو وتراوە ((ڕەوشتی باش هاوشێوەی عەقڵە، ئەوەی ڕەوشتی نەبێت عەقڵی نییە، ئەوەی عەقڵی نەبێت سیاسەتی نییە، ئەوەی سیاسەتی نەبێت شانشینی نییە)) (الشیزري، ١٩٨٧م، ل ل١٦٩-١٧٠).

بیرمەندی ناوبراو دەڵێت (( دادپەروەری گەورەترین تایبەتمەندی سوڵتان و بناغەی دامەزراندنی دەوڵەتە، چونكە دادپەروەری سوڵتان دەبێتەهۆی گوێڕایەڵی میللەت بۆ فەرمانەكانی، و بەهۆی دادپەروەرییەوە كاروباری وڵات ڕێكدەخرێت و سەروەت و سامانی هاوڵاتیان گەشەدەكات و خۆشگوزەرانی ڕوویان تێدەكات، لە هەمان كاتدا پەیوەندی بەهێز و توندوتۆڵ لەسەر بناغەی خۆشەویستی لە نێوان هاونیشتمانیان دێتەكایەوە، چونكە خودای گەورە فەرمانی بە بەندەكانی كردووە دادپەروەر بن و ئەوەی كردووەتە بنەمای ژیانێكی شكۆمەندانە)) (الشیزري، ١٩٨٧م، ل ل٢٤٢-٢٤٣).

هەروەها ئەوەش ڕووندەكاتەوە: كردەوەی مرۆڤ لە ئاخاوتنەكانی سەرچاوەدەگرێت، ئەگەر بوێری قسەكردنیان هەبێت، ئەوا دەتوانن بە كردەوە ئەنجامی بدەن، ئەوەش هاوشێوەی سیاسەتی سوڵتانە، چونكە فەرمانڕەوا ناتوانێت جەستەی میللەتەكەی بەلای خۆی ڕابكێشێت، مەگەر سەرەتا زمانیان نەگرێت، ئەوەش ناتوانێت ئەنجامبدات مەگەر خۆشەویستی دڵیانی بەدەست نەهێنابێت، ئەوەش بەدەست ناهێنێت مەگەر لە ڕێگەی دادپەروەرییەوە نەبێت، واتە، بە ئەنجامدانی دادپەروەری و جیاوازی نەكردن لە نێوان خەڵكدا هەموو ئەمانە بەدەست دێنێت. (الشیزري، ١٩٨٧م، ل ل٢٤٦-٢٤٧).

بیرمەند (الشیزري) ئاماژە بە دە (دەهـ) تایبەتمەندی پادشای دادپەروەر دەكات و باس لەوە دەكات, فەرمانڕەوا ناتوانێت دادپەروەری بكات مەگەر بە دە تایبەمەندی بنەڕەتییەوە پابەند نەبێت، یەكەم: پاراستنی یاساكانی شەریعەتی ئیسلام، بە ڕێگای پاراستنی ڕێوڕەسمەكانی و بەرزڕاگرتنی مافەكانی و هاندانی خەڵك بۆ ئەوەی بەبێ پشتگوێخستن و كەمتەرخەمی پەیڕەوی بكەن، دووەم: پاراستنی میللەت، پێویستە سوڵتان بەرگری لە وڵات بكات و خەڵكەكەی بپارێزێت لە دژی هەر دوژمنێك كە مەترسی بۆ سەر ئایین یان ژیان و ماڵ و سامانیان هەبێت. سێیەم: پێشخستنی وڵات: گرنگیدان بە بەرژەوەندییە گشتییەكان و چاككردنەوەی ڕێگاوبان و چاكسازی گشتی، چوارەم: چاودێریكردنی كاربەدەستانی وڵات، ڕێگریكردن لە سەرپێچییەكانی بەرپرسان لەسەر میللەت، چونكە ستەمی ئەوان بۆ سیاسەتی فەرمانڕەوا دەگەڕێتەوە، پێنجەم: پاراستنی كاروباری لەشكری و فەرمانبەرانی وڵات، دڵنیابوون لەوەی مافەكانیان لە مووچە و شایستەی دیكە بەبێ هیچ كەموكورتی و دواكەوتنێك خەرجدەكرێت، بۆ ئەوەی بەهۆی چاوەڕوانی زیانیان پێ نەگات (الشیزري، ١٩٨٧م، ل ل٢٥٠-٢٥١).

خاڵی شەشەم: پێویستە سوڵتان كاتێكی دیاریكراو بۆ گوێگرتن لە نارەزایەتییەكانی هاوڵاتی تەرخان بكات، و ڕەچاوكردنی سكاڵایان بكات و كێشەكانیان بەپێی برگەكانی شەریعەتی ئیسلامی چارەسەر بكات. حەوتەم: پێویستە سوڵتان داهاتی خەزێنەی دەوڵەت (بیت المال) بخەمڵێنێت و مافی هاونیشتمانیان بەبێ زیادەڕەوی خەرج بكرێت. هەشتەم: دەبێت تاوانباران بەپێی شەریعەتی ئیسلامی سزا بدرێن، ئەوەش بۆ ئەوەی كۆمەڵگا لە كەسانی خراپەخواز بپارێزرێت، نۆیەم: پێویستە سوڵتان، نوێنەر، دادوەر، كاربەدەست، و فەرمانبەرانی لێهاتوو و ڕاستگۆ هەڵبژێرێت، كە ئەزموون و شارەزاییان لەو بوارەدا هەبێت كە پێیان سپێردراوە. دەیەم: پێویستە بڕیارەكانی دادوەر و بەرپرسانی حیسبە جێبەجێ بكات، بە تایبەتی ئەو بڕیارانەی بەهۆی دەسەڵات و بەهێزی سزادراوەوە نەتوانراوە جێبەجێ بكرێن، دوای ئەوە پێویستە سوڵتان بەپێی حوكمی شەریعەتی ئیسلام تاوانبار لە هەر پلە و پۆستێك بێت سزا بدات. (الشیزري، ١٩٨٧م، ل ل٢٥٢-٢٥٣).

ئەگەر فەرمانڕەوا بەم دە تایبەتمەندییەوە پابەند بێت، ئەوا فەرمانی خودای گەورەی لە جێبەجێكردنی دادپەروەری بەرانبەر میللەتەكەی جێبەجێكردووە، بەم شێوەیە شایەنی گوێڕایەڵی و ئامۆژگاری ئەوانە، بەڵام ئەگەر یەكێك لەو خاڵانە پشتگوێ بخات، ئەوا لە دادپەروەری لایداوە و بەرەو ستەم هەنگاوی ناوە (الشیزري، ١٩٨٧م، ل٢٥٤).

بە پشتبەستن بەو زانیارییانەی خرانەڕوو دەتوانین ئاماژە بەوە بكەین، هەموو ئەو بیرمەندانە دووپات لەسەر ئەوە دەكەنەوە پێویستە سوڵتان بە پێی شەریعەتی ئیسلامی دادپەروەری لە نێوان خەڵكدا ئەنجام بدات، هەروەها جیاوازی لە نێوان هاوڵاتیاندا نەكات و هیچ كەسێك لەوەی تر بە بەرزتر نەزانێت و مەیلی بۆ هیچ لایەك بەرانبەر لایەكەی دیكە نەبێت، بە هەمان شێوە پێویستە سوڵتان كەسانی لێهاتوو و شارەزا و دادپەروەر بۆ كارگێری وڵاتەكەی هەڵبژێرێت، لە هەمان كاتدا دژایەتی بەرپرسانی گەندەڵ و ستەمكار بكات و سزایان بدات، و ڕازی نەبێت بەوەی ستەم و زۆرداری بەرانبەر هاوڵاتیان بكرێت، جێبەجێكردنی دادپەروەری دەبێتەهۆی خۆشگوزەرانی سوڵتان و میللەتەكەی، لە هەمان كاتدا بەهۆی سیاسەتی دادپەروەری فەرمانڕەواوە، وڵات لە هەموو ڕوویێكەوە پێشكەوتن بەخۆوە دەبینێت.

### ٢- ستەم لە لای بیرمەندانی موسڵمان لە سەدەكانی (پێنجەم و شەشەمی كۆچی/یازدەیەم و دوازدەیەمی زایینی).

وەك لە پێشتردا ڕوونكراوەتەوە، چەندین بیرمەندی موسڵمان شیكردنەوەیان بۆ گرنگی و گەورەیی دادپەروەری كردووە و لە پەرتووكەكانی خۆیاندا باسیانكردووە، بە هەمان شێوە زۆرێك لە بیرمەندە موسڵمانەكان لە دووتوێی پەرتووكەكانیاندا گرنگی زۆریان بە شیكردنەوەی ستەم و لێكەوتەكانی لەسەر كۆمەڵگای ئیسلامی داوە، لە ڕاستیدا لێرەدا تەنیا بۆچوون و شیكردنەوەی هەندێك لەو بیرمەندانە وەردەگرین:

بیرمەندی موسڵمان (ابو منصور الثعالبي) باسی ستەم پاشا دەكات و دەڵێت (( فەرمانڕەوای ستەمكار هەرچەندە كاری گەورەی كردبێت لە فتوحات و دژی دوژمنان جەنگابێت،

بەڵام لە ناوخۆی وڵاتەكەی ستەم پەیرەوبكات و بارودۆخی میللەت ناخۆش و ناسەقامگیر بێت، دەبێتەهۆی لەناوچوونی دەسەڵاتەكەی، و هەرچەند ژمارەی لایەنگرانی پادشای ستەمكار زۆر بن و پشتیوانی بكرێت، لە ئاكامدا تووشی شكست دەبێت، بە پێچەوانەوە سوڵتانی دادپەروەر هەرچەندە لایەنگری كەمیش بێت، تەنانەت ئەگەر تەنیاش بێت ئەوا سەردەكەوێت، كاریگەری دەسەڵاتی ستەمكار زۆرن لەوانە، كورتبوونی تەمەنی دەسەڵاتی پادشا، كەمبوونەوەی سەرچاوەی داهات بۆ خەڵكی گشتی، و لە دەستدانی لایەنگر و پشتیوانی خەڵك، و دابەشكردنی ماڵ و موڵكی پادشا بەسەر ئەوانی تردا، چونكە پەتی ستەمكار كورتە و دەبڕێت، ئەو پارە و سامانەی ستەمكار لە چەوساندنەوەی خەڵك دەستیكەوتووە، بۆی نامێنێتەوە وەكو هەور بە لای ڕاست و چەپدا پەرش و بڵاودەبێتەوە)) (الثعالبي، ٢٠٠٥م، ل٩١).

بیرمەندی موسڵمان (الماوردي) باسی كاریگەری ستەم سوڵتان دەكات و دەڵێت (( ئەگەر پادشا گەندەڵ و ستەمكار بێت، دەبێتەهۆی گەندەڵبوونی سیستەمی سیاسی دەوڵەت، كاریگەری ئەم ستەمكارییە لەسەر خودی پادشا و هاوڵاتیاندا دەردەكەوێت، و كاتێك لە ئەنجامدانی ستەم بەردەوام بێت و چاكسازی لە وڵاتدا نەكات، بارودۆخی دەوڵەت لەژێر دەسەڵاتی سوڵتان دەردەچێت و ئاشتی و سەقامگیری لە وڵاتدا نامێنێت، بۆیە دۆخەكەی لەدەست دەردەچێت، یاخیبوون و تۆڵەكردنەوە لە سوڵتان پەرپادەبێت، لە ئەنجامدا دەسەڵاتەكەی لەناودەچێت)) (الماوردي، ١٩٨١م، ل ٢٢٥).

هەروەها دەڵێت (( كاتێك سوڵتان ستەمكار بێت، ئەوا پەنا دەباتەبەر بەكارهێنانی هێز و توندوتیژی بەرانبەر خەڵكی ئاسایی و بێ تاوان، ئەمەش دەبێتەهۆی دووركەوتنەوە و توڕەبوونی خەڵك، تەنانەت ڕاوێژكارانی متمانەیان بە حوكمڕانیەكەی نامێنێت، بە هەمان شێوە هەموو لایەنگرانی هەڵدەگەڕێنەوە و دەبنە دوژمنی، هەندێك فەرمانڕەوا بەكارهێنانی هێز و توند و تیژی بۆ سەركوتكردنی ناڕەزایەتییەكان وەك چارەسەر بەكاردەهێنن، بەڵام ئەمە سیاسەتێكی هەڵەیە و پێویستە سوڵتان بە ڕێگای دادپەروەری كێشەكان چارەسەر بكات)) (الماوردي، ١٩٩٧م، ل٧٧-٧٨). بە هەمان شێوە دەڵێت (( ئەگەر پادشا بە ئارەزووی خۆی حوكم بكات و ستەم و زۆرداری لە خەڵكەكەی بكات داواكاری هاونیشتمانیان پشتگوێ بخات و مافەكانیان زەوت بكات، لە ئەنجامدا بارودۆخی دەوڵەت بەرەو تێكچوون و ناهەمواری هەنگاو دەنێت)) (الماوردي، ١٩٩٧م ، ل٩٣ ؛ الماوردي، ١٩٨١م، ل ١٨٢-١٨٣).

بیرمەندێكی دیكەی موسڵمان (الراغب الاصفهاني) (م: ٥٠٢ك/ ١١٠٩ز)[16] باسی ستەمی سوڵتان دەكات و ئاماژە بەوەدەكات: كاتێك سوڵتان لە ماوەی حوكمڕانی خۆیدا ستەم لەگەڵ هاوڵاتیانی دەكات، ئەم سیاسەتە ناڕەوایە و لەسەر ڕێگای حەق و ڕاستی لایداوە، بۆیە ئەگەر لە ئەنجامدانی ستەم و زۆرداری بەردەوام بێت، ئەوا گەڕانەوەی بۆ سیاسەتی دادپەروەری ئەستەم دەبێت (الراغب الاصفهاني، ١٩٨٠م، ل٢٤٧). بۆیە پێویستە سوڵتان هەر لە سەرەتای دەسەڵاتی خۆی، سیاسەتێكی دادپەروەرانە لەگەڵ خودی خۆی و هاونیشتمانیانی پەیرەو بكات، هەروەكو ئاماژە بەوە كراوە، خراپترین فەرمانڕەوا ئەو كەسەیە كە سیاسەتی ستەمكاری جێبەجێ دەكات، بەوەی ستەم و زۆرداری لە خودی خۆی، خزم و كەسوكاری، و هاوڵاتیانی دەكات، هەروەها دەڵێت (( هەر سوڵتانێك ستەم ئەنجامبدات، كاربەدەستە گەندەڵەكان ئەوە بە هەڵ دەزانن و لاواز و بێ دەسەڵاتەكان دەچەوسێننەوە، بەبێ ئەوەی هیچ كەسێك لێپرسینەوەیان لەگەڵ بكات، بۆیە خودای گەورە پەیمانی داوە ستەمكاران لەناوببات)) (الراغب الاصفهاني، ١٩٨٠م، ل ٢٤٨).

بیرمەندێكی دیكەی موسڵمان كە باسی ستەمی پادشای كردووە (ابو حامد الغزالي)یە، كاتێك ئامۆژگاری فەرمانڕەوایانی مسوڵمان بۆ دووركەوتنەوە لە ستەم و زۆرداری دەكات، و دەڵێت (( پێویستە فەرمانڕەوا لەوە تێبگات كە ئەنجامدانی دادپەروەری بەرهەمی عەقڵێكی كامڵ و تەواوە، واتە، پێویستە سوڵتان شتەكان لە جەوهەری ڕاستەقینەی خۆیان ببینن نەك تەنیا لە ڕواڵەتەوە لە شتەكان بڕوانن، لێرەدا چەند پرسیارێك دێنە پێشەوە كە فەرمانڕەوا بە چ هۆكارێك ستەم لە هاولاتیانی دەكات؟ ئەگەر بۆدەستكەوتێكی دونیایی خەڵك دەچەوسێنێتەوە، ئەوا بۆ چ مەبەستێكی دونیایی ئەم كارە دەكات، ئەگەر مەبەستی دەستكەوتنی خواردنی خۆش بێت، دەبێت ئاگاداری ئەوە بێت ئەمە تەنیا غەریزەیەكی ئاژەڵییە و لە خاسیەتی مرۆڤی هۆشمەند دوورە، و ئەگەر خەمی لەسەركردنی تاج و جوانكاری بێت، ئەمە لە خاسیەتەكانی ئافرەت دەچێت نەك سەركردەی عاقڵ، ئەگەر ئامانجەكەی بەكارهێنانی توڕەیی بەرانبەر دوژمنەكانی بێت، ئەوە خاسیەتی دڕندە تاڵانكەرەكانە، و ئەگەر مەبەستی ئەوە بێت هاوڵاتی و دارودەستەی خزمەتی بكەن، ئەوا تەنیا لە خەیاڵدا دەژێت، چونكە لە واقیعدا ئەوان خزمەتی پادشا ناكەن، بەڵكو خزمەتی بەرژەوەندی و ئارەزووەكانی خۆیان دەكەن، بەڵگەش ئەوەیە ئەگەر بزانن فەرمانڕەواكە دەسەڵاتی لە دەست نامێنێت، ئەوا پشتگوێی دەخەن و ڕوو دەكەنە پادشای نوێ، كە سامان و دەسەڵاتی دەكەوێتە ژێردەست، بۆیە خزمەتیان بۆ پادشا نیە، بەڵكو تەنیا بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆیانە، ئەوەی پێشانی فەرمانڕەوا دەدەن لە خزمەتكردن، جگەڵە فریودان و گاڵتەكردن هیچی تر نییە)) (الغزالي، ١٩٨٨م، ل ٢٣).

لە ئەنجامدا ئەوە ئاشكرا دەبێت، فەرمانڕەوای ژیر و عاقڵمەند ئەو كەسەیە كە جەوهەر و حەقیقەتی شتەكان دەبینێت و بە ڕواڵەت و دەرەوەیان فریو نادرێت، ڕاستی ئەو كردەوانەی باسكران و ڕوونكرانەوە، هەر فەرمانڕەوایەك لەبەرچاویان نەگرێت و نەزانێت و هەستی پێنەكات، مرۆڤێكی ژیر نیە، هەر كەسێك یان فەرمانڕەوایەكیش ژیر نەبێت ناتوانێت دادپەروەری بكات، و لەو دونیادا سزاكەی دۆزەخە، بۆیە

[16] الراغب الاصفهاني: حسين كوڕی محمد كوڕی المفضل، ابو القاسم الأصفهاني (يان الأصبهاني)، ناسراو بە (الراغب)، خەڵكی شاری ئەصفەهان بووە و دواتر هاتووەتە بەغداد و نیشتەجێ بووە، یەكێكە لە بیرمەندە ناودارەكانی موسڵمان، لە ساڵی (٥٠٢ك/١١٠٩ز) كۆچی دوایی كردووە، چەندین بەرهەمی هەیە، لەوانە: محاضرات الأدباء، الذريعة الى مكارم الشريعة، الأخلاق، جلمع التفسير، و زۆری تر. (الصفدي، ٢٠٠٠م، ٢٩/١٣ ؛ الزركلي، ٢٠٠٢م، ٢٥٥/٢).

عەقڵ هەوێنی هەموو بەختەوەرییەكە و سەرچاوە هەموو چاكەیەكە (الغزالي، ١٩٨٨م، ل ٢٣).

بیرمەندی موسڵمان (ابو بكر الطرطوشي) باسی دەرەنجامی ستەمی فەرمانڕەوا لەسەر بارودۆخی وڵات دەكات و ئاماژە بەوەدەكات: كاتێك سوڵتان ستەم و زۆرداری لە هاوڵاتیانی دەكات، ئەنجامە خراپەكەی لە هەموو چوارچێوەی دەوڵەتدا بڵاودەبێتەوە و هەموو هاونیشتمانیان تووشی باردودۆخێكی ناهەموار دەبنەوە، لە ئەنجامی ئەم ستەمكارییە كارە خراپەكان و ئەنجامدانی گوناهـ لە نێو كۆمەڵگادا پەرە دەسێنێت، ڕاستگۆیی و دەستپاكی زۆر كەم دەبێت، گزی لە پێوەر و پێوانەكانی بازار بە ئاشكرا دەكرێت و نكۆڵی لە مافە ڕەواكانی یەكتری دەكرێت، مامەڵەی نادروست زۆردەبێت (ابو بكر الطرطوشي، ١٩٩٤م، ل ١٨٧). و ساختەكاری بڵاودەبێتەوە، خودای گەورە لە نیعمەتەكانی خۆی بێبەشیان دەكات، ئاسمان باران ڕادەگرێت و زەوی بەرهەمی نابێت، سەرچاوە و داهات كەمدەبێتەوە و بژێوی ژیانیان ئەستەم دەبێت، خەڵك زەكات نادەن و سامانی خۆیان نابەخشن، بە پێچەوانەوە لەسەر ماڵ و موڵكی دونیایی ناكۆكی لە نێوانیان سەرهەڵدەدات، تەنانەت لەسەر بێبایەخترین شت دووبەرەكێ دەكەن، ڕوحی بەخشندەیی لەدەست دەدەن و ڕەوشتی بەرزیان لا نامێنێت، درۆ و فێڵ لە نێوانیاندا بڵاودەبێتەوە، هیچ شتێك ڕێگریان لێناكات لە دزیكردن جگەلە ئابروچوون نەبێت، و هیچ شتێك ڕێگریان لێناكان لە كاری بەدڕەوشتی جگەلە شەرم نەبێت، بەم شێوەیە مرۆڤ جوانی ئایین و ڕەوشتەكەی لا نامێنێت، تەنیا سەروەت و سامانیان لا گرنگ دەبێت و مادەگەرایی بە سەریاندا زاڵ دەبێت، گرنگترین شت لە لایاندا بەجێهێنانی ئارەزووەكانی دونیایی دەبێت، هەر كۆمەڵگایەك بەم شێوە بێت، ئەوا مردنی ژێرزەوی لە ژیانی سەرزەوی بۆیان باشترە (ابو بكر الطرطوشي، ١٩٩٤م، ل ١٨٨).

بیرمەندی موسڵمان (الشيزري) باس لە ستەمی فەرمانڕەوا دەكات و ئەوە ڕووندەكاتەوە كە ستەمی پادشا سەردەكێشێت بۆ تێكچوونی بارودۆخی دەوڵەت، كاتێك دەڵێت ((ستەم دەسەڵاتدار بریتیە لە لادان لە حەق و ڕاستی، ئەگەر لە ستەم و زۆرداری خۆی بەردەوام بێت، ئەوا میللەت گوێڕاڵی بڕیارەكانی ناكەن، و خۆیان لێ بەدوور دەگرن و پشتگیری ناكەن، لە هەمان كاتدا پەلە دەكەن بۆ پیلانگێڕی و بۆ بەشداریكردن لە هەر بزاڤێك لە دژایەتی كردنی چاوەڕێی دەرفەتێك دەكەن، بۆیە هیچ شتێك لە ستەمی پادشا مەترسیدارتر نیە بۆ وێرانكردنی وڵات)) (الشيزري، ١٩٨٧م، ل ل٣٥٩-٣٦١).

ئاماژە بەوەش دەكات: ستەم و زۆرداری دەسەڵاتدار دەبێتەهۆی نەمانی نیعمەتەكانی خودای گەورە، هەر كاتێك مرۆڤ ستەم و دەستدرێژی بەرانبەر یەكتری بكەن، ئەوا بەڵا و ناخۆشی ڕوویان تێدەكات، ستەمی فەرمانڕەوا خێراترین هۆكارە بۆ لەناوچوونی دەسەڵاتەكەی، نزای ستەملێكراو دەبێتە بەهێزترین چەك بۆ لەناوبردنی ئەو دەسەڵاتە، چونكە ستەمكار هیچ هاورێ و دۆستی نابێت بۆ پاراستنی جگەلە نزاكردن نەبێت، بەپێی عەقڵ و شەریعەتی ئیسلام، ستەم و چەوساندنەوە ڕەتكراوەتەوە، بۆیە ئەركی هەموو دەسەڵاتدارێكە خۆی لێ بپارێزێت و بەدووربگرێت، چونكە ستەم و زۆرداری دەبێتەهۆی تێكچوونی بارودۆخی خەڵك، و گەندەڵی سیستەمی دەوڵەتی لێدەكەوێتەوە و وێرانكردنی وڵات بە دوای خۆیدا دێنێت، لە كۆتاییدا دەسەڵاتداری ستەمكار تووشی دۆزەخ دەبێت (الشيزري، ١٩٨٧م، ل ل٣٦٢-٣٦٧). بە هەمان شێوە دەڵێت (( كاتێك پادشا دەسەڵاتی وەرگرت نابێت خیانەتی لێ بكات و ستەم زۆرداری بكات، دەبێتەهۆی لەناوچوونی حوكمڕانیەكەی، بۆیە پێویستە پارێزگاری لەو پەیمانە بكات كە لە كاتی وەرگرتنی دەسەلات بە خەڵكی داوە)) (الشيزري، ١٩٨٧م، ل ل٤٥٢-٤٥٦).

لەوانەی پێشوو ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، بیرمەندانی موسڵمان لە نووسینەكانی خۆیاندا گرنگی زۆریان بە بابەتی ستەمی فەرمانڕەوا داوە و ئەنجامی مەترسی ئەم سیاسەتەیان ئاشكرا كردووە، كە ستەمی سوڵتان وڵات بەرەو بارودۆخێكی ناهەموار دەبات و دەبێتەهۆی زەوتكردنی مافی هاوڵاتیان، هەروەها دەبێتەهۆی نەڕازیبون و توڕەیی خەڵك، لە ئەنجامدا دژی سیاسەتی ئەو فەرمانڕەوا بزاڤ دەكەن، بە هەمان شێوە ستەم خێراترین ڕێگایە بۆ لەناوچوونی دەسەڵاتی سوڵتان و ڕووخانی دەوڵەتەكەی.

## ئەنجام:

یەكەم: لە میانەی پێناسەكردنی چەمكی دادپەروەری و ستەم لە فەرهەنگەكان شارەزای چەندین مانای پڕ بایەخی ئەم چەمكانە بووین، لەوەی پێویستە سوڵتان چاودێری بارودۆخی هاوڵاتیان بكات و جیاوازی لە نێوانیان نەكات، ئەوەش دەبێتە جێگای ڕەزامەندی و پشتگیری میللەت.

دووەم: لە دەقەكانی قورئانی پیرۆز ئەوەمان بۆ ئاشكرا بووە كە خودای گەورە ئاگاداری دەسەڵاتداری كردووە لەوەی نابێت بەپێی حەز و ئارەزووی خۆیان حوكم بكەن، بەڵكو گرێدراون بە جێبەجێكردنی شەریعەتی ئیسلامی كە بە ڕەهایی پشتگیری دادپەروەری دەكات، هەروەها پیویستە بە هەموو شێوەیەك ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و كارە نابەجێیەكان بكات، قورئانی پیرۆز فەرمانڕەوای موسڵمانی بە ئەنجامدانی دادپەروەری پابەند كردووە، نەك تەنیا لەگەڵ ڕۆڵەی وڵاتەكەی بەڵكو لەگەڵ دوژمنانیش پێویستە دادپەروەر بن، بە پێچەوانەوە دەقەكانی قورئانی پیرۆز هۆشداری بە حوكمڕانی موسڵمان داوە لەوەی هەرگیز نابێت دەسەڵاتی خۆیان بۆ چەوساندنەوەی خەڵكی ئاسایی بەكاربێنن.

سێیەم: لە چەندین فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) پێگەی بەرزی سوڵتانی دادپەروەر ئاماژەی بۆكراوە، چونكە ئەوە دەبێتەهۆی ڕەزامەندی خودای گەورە و پاداشتی گەورە چاوەڕێی دەكات، هەروەها ئەوەندە لای خودا خۆشەویستە كە هەموو نزاكانی گیرا دەبن و لە ڕۆژی داواییدا ڕزگاری دەبێت، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت كە فەرمانڕەوا ئاگاداری ئەوە بێت كە وەرگرتنی حوكمڕانی بە دەرفەتێك بۆ ڕەزامەندی خودای گەورە بزانێت و دادپەروەری ئەنجام بدات، هەروەها بە هیچ شێوەیەك نابێت هەژموونی دەسەڵاتی خۆی بۆ چەوساندنەوەی هاوڵاتیان بەكاربێنێت، چونكە خودای گەورە ستەمی لەسەر خۆی حەرامكردووە و هەرگیز بە ستەمی فەرمانڕەوا ڕازی نابێت، سەرباری ئەوەش لە ڕۆژی دواییدا سزای دەدات.

چوارەم: لە بۆچوون و شیكردنەوەی بیرمەندە موسڵمانەكان ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، پێویستە دەسەڵاتدار بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری، بەرپرس و فەرمانبەری لێهاتوو دامەزرێنێت، هەروەها پێویستە هەروەك ئەندامانی خێزانی خۆی مامەڵە لەگەڵ هاوڵاتیاندا بكات و جیاوازی لە نێوانیاندا نەكات، هەروەها بەردەوامی و بەهێزی دەسەڵاتی سوڵتان بە جێبەجێكردنی دادپەروەرییەوە گرێدراوە، چونكە بەهۆی سیاسەتی دادپەروەرییەوە خەڵكی گشتی پشتگیری بەردەوامبوونی دەكەن و دەبێتەهۆی بووژانەوەی وڵات، بە پێچەوانەوە نابێت دەسەڵاتدار ستەم لە میللەتی خۆی بكات و هێز بەرانبەریان وەك چارەسەر بەكاربێنێت، ئەوەش كاری نەشیاوە و متمانەی خەڵك لە دەستدەدات، دەرەنجامەكەی لاوازی و لەناوچوونی دەوڵەتەكەی لێدەكەوێتەوە.

## لیستا ژێدەران:

**یەكەم: سەرچاوە سەرەكییەكان:**

أبو داود: (٢٠٠٩م)، سنن أبي داود، المحقق: شعيب الأرنؤوط و محمد كامل قره بللي، دار الرسالة العالمية، د.م.
البخاري: (١٤٢٢هـ)، صحيح البخاري، تحقيق: جماعة من العلماء، دار طوق النجاة، بيروت.
البغدادي: (١٤١١هـ)، مراصد الاطلاع على أسماء الأمكنة والبقاع، دار الجيل، بيروت.
البغوي: (١٤٢٠هـ)، معالم التنزيل في تفسير القرآن = تفسير البغوي، المحقق : عبد الرزاق المهدي، دار إحياء التراث العربي، بيروت.
أبو بكر الطرطوشي: (١٩٩٤م)، سراج الملوك، تحقيق: محمد فتحي ابو بكر، تقديم: شوقي ضيف، دار المصرية اللبنانية، القاهرة.
البيضاوي: (٢٠١٢م)، تحفة الأبرار شرح مصابيح السنة، المحقق: لجنة مختصة بإشراف نور الدين طالب، وزارة الأوقاف والشؤون الإسلامية بالكويت، الكويت.
البيهقي: (٢٠٠٣م)، السنن الكبرى، المحقق: محمد عبد القادر عطا، دار الكتب العلمية، ط٣، بيروت.
الترمذي: (٢٠٠٩م)، الجامع الكبير «سنن الترمذي»، حققه وخرج أحاديثه وعلق عليه: شعيب الأرنؤوط، دار الرسالة العالمية، د.م.
ابن تيمية: (١٩٨٦م)، منهاج السنة النبوية في نقض كلام الشيعة القدرية، المحقق: محمد رشاد سالم، منشورات جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية، الرياض.
الثعالبي: (٢٠٠٥م)، اداب الملوك، تحقيق: جليل العطية، دار الغرب الاسلامي، ط٢، بيروت.
الثعلبي: (٢٠٠٢م)، الكشف والبيان عن تفسير القرآن، تحقيق: الإمام أبي محمد بن عاشور، مراجعة وتدقيق: الأستاذ نظير الساعدي، دار إحياء التراث العربي، بيروت.
الجاحظ: (١٩٨٩م)، تهذيب الأخلاق، قرأه وعلق عليه: أبو حذيفة ابراهيم بن محمد، دار الصحابة للتراث، طنطا.
الجرجاني: (١٩٨٣م)، كتاب التعريفات، المحقق: ضبطه وصححه جماعة من العلماء بإشراف الناشر، دار الكتب العلمية، بيروت.
ابن الجوزي: (١٩٨٤م)، نزهة الأعين النواظر في علم الوجوه والنظائر، المحقق: محمد عبد الكريم كاظم الراضي، مؤسسة الرسالة، بيروت .
ابن الجوزي: (د.ت)، كشف المشكل من حديث الصحيحين، المحقق: علي حسين البواب، دار الوطن، الرياض.
أبن حبان: (٢٠١٢م)، صحيح ابن حبان، المحقق: محمد علي سونمز و خالص آي دمير، دار ابن حزم، بيروت.
ابن حزم الأندلسي: (١٩٧٩م)، الأخلاق والسير في مداواة النفوس، دار الآفاق الجديدة، ط٢، بيروت.
الحميري: (١٩٩٩م)، شمس العلوم ودواء كلام العرب من الكلوم، المحقق: حسين بن عبد الله العمري و اخرون، دار الفكر المعاصر، بيروت.
حنبل: (د.ت)، مسند الإمام أحمد بن حنبل، المحقق: شعيب الأرنؤوط واخرون، مؤسسة الرسالة، بيروت.
ابن خلكان: (اجزاء ١-١٩٧٨/٤ ؛ ٥-١٩٧٧/٧)، وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان، المحقق: إحسان عباس، دار صادر، بيروت.
ابن دريد: (١٩٨٧م)، جمهرة اللغة، المحقق: رمزي منير بعلبكي، دار العلم للملايين، بيروت.
الذهبي: (١٩٨٥م)، سير أعلام النبلاء، تحقيق: شعيب الأرنؤوط واخرون، ط٣، مؤسسة الرسالة، بيروت.
الذهبي: (١٩٩٣م) تاريخ الإسلام ووفيات المشاهير والأعلام، المحقق: عمر عبد السلام التدمري، ط٢، دار الكتاب العربي، بيروت.
الراغب الأصفهاني: (١٤١٢هـ)، المفردات في غريب القرآن، المحقق: صفوان عدنان الداودي، دار القلم، دمشق.
الراغب الأصفهاني: (١٩٨٠م)، الذريعة إلى مكارم الشريعة، تحقيق: د. أبو اليزيد أبو زيد العجمي، بيروت.
الزَّبيدي: (٢٠٠١م)، تاج العروس من جواهر القاموس، تحقيق: جماعة من المختصين، وزارة الإرشاد والأنباء في الكويت، ودار إحياء التراث، الكويت.
الزمخشري: (١٩٨٧م)، الكشاف عن حقائق غوامض التنزيل وعيون الأقاويل في وجوه التأويل، ضبطه وصححه ورتّبه: مصطفى حسين أحمد، دار الكتاب العربي، ط٣، بيروت.
السمرقندي: (د.ت)، تفسير السمرقندي = بحر العلوم، د.م.
ابن السمناني: (١٤٠٤هـ)، روضة القضاة وطريق النجاة، المحقق: صلاح الدين الناهي، مؤسسة الرسالة، بيروت.
الشافعي: (٢٠٠٦م)، تفسير الإمام الشافعي، جمع وتحقيق ودراسة: أحمد بن مصطفى الفرَّان، دار التدمرية، الرياض.
الشيزري: (١٩٨٧م)، المنهج المسلوك في سياسة الملوك، المحقق: علي عبد الله الموسى، مكتبة المنار، الزرقاء.
الصفدي: (٢٠٠٠م)، الوافي بالوفيات، المحقق: أحمد الأرناؤوط وتركي مصطفى، دار إحياء التراث، بيروت.
الطبراني: (١٩٩٤م)، المعجم الكبير، المحقق: حمدي بن عبد المجيد السلفي، مكتبة ابن تيمية، القاهرة.
الطبري: (٢٠٠١م)، تفسير الطبري = جامع البيان عن تأويل آي القرآن، تحقيق: د عبد الله بن عبد المحسن التركي، دار هجر للطباعة والنشر والتوزيع والإعلان، القاهرة.
ابن عادل: (١٩٩٨م)، اللباب في علوم الكتاب، تحقيق وتعليق: الشيخ أحمد عبد الموجود واخرون، دار الكتب العلمية، بيروت.
العسكري: (د.ت)، معجم الفروق اللغوية، حققه وعلق عليه: محمد إبراهيم سليم، دار العلم والثقافة للنشر والتوزيع، القاهرة.
الازهري: (٢٠٠١م)، تهذيب اللغة، المحقق: محمد عوض مرعب، دار إحياء التراث العربي، بيروت.
الغزالي: (١٩٨٨م)، التبر المسبوك في نصيحة الملوك، ضبطه وصححه: أحمد شمس الدين، دار الكتب العلمية، بيروت.
ابن فارس: (١٩٧٩م)، معجم مقاييس اللغة، المحقق: عبد السلام محمد هارون، دار الفكر، دمشق.
الفراهيدي: (د.ت)، كتاب العين، المحقق: د مهدي المخزومي، د إبراهيم السامرائي، دار ومكتبة الهلال، القاهرة.
الفيروزآبادي: (٢٠٠٥م)، القاموس المحيط، تحقيق: مكتب تحقيق التراث في مؤسسة الرسالة، بإشراف: محمد نعيم العرقسُوسي، مؤسسة الرسالة للطباعة والنشر والتوزيع، ط٨، بيروت.
الفيومي: (٢٠١٨م)، فتح القريب المجيب على الترغيب والترهيب للإمام المنذري (ت ٦٥٦هـ)، دراسة وتحقيق وتخريج: محمد إسحاق محمد آل إبراهيم، الناشر: المُحقِّق، د.م.
القشيري: (د.ت)، لطائف الإشارات المعروف ب تفسير القشيري، المحقق: إبراهيم البسيوني، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ط٣، القاهرة .
القنازعي: (٢٠٠٨م)، تفسير الموطأ، حققه وقدم له وخرج نصوصه: عامر حسن صبري، دار النوادر، وزارة الأوقاف والشؤون الإسلامية، الدوحة.
الماتريدي: (٢٠٠٥م)، تفسير الماتريدي، المحقق: د. مجدي باسلوم، دار الكتب العلمية، بيروت.

الماوردي: (١٩٨٣م)، نصيحة الملوك، تحقيق: خضر محمد خضر، مكتبة الفلاح، الكويت.
الماوردي: (د.ت)، تفسير الماوردي = النكت والعيون، المحقق: السيد ابن عبد المقصود بن عبد الرحيم، دار الكتب العلمية، بيروت.
الماوردي: (٢٠٠٦م)، الأحكام السلطانية، دار الحديث، القاهرة.
الماوردي: (١٩٨١م)، تسهيل النظر وتعجيل الظفر، في أخلاق المَلِك وسياسة المُلْك، تحقيق: محي هلال السرحان، مراجعة وتقديم: حسن الساعاتي، دار النهضة العربية، بيروت.
الماوردي: (١٩٩٧م)، درر السلوك في سياسة الملوك، المحقق: فؤاد عبد المنعم أحمد، دار الوطن، الرياض.
مسلم: (١٩٥٥م)، صحيح مسلم، المحقق: محمد فؤاد عبد الباقي، مطبعة عيسى البابي الحلبي وشركاه، القاهرة.
المظهري: (٢٠١٢م)، المفاتيح في شرح المصابيح، تحقيق ودراسة: لجنة مختصة من المحققين بإشراف: نور الدين طالب، النوادر، وهو من إصدارات إدارة الثقافة الإسلامية - وزارة الأوقاف الكويتية، الكويت.
المقريزي: (١٩٩٨م)، المواعظ والاعتبار بذكر الخطط والآثار، المعروف بالخطط المقريزية، وضع حواشيه: خليل منصور، دار الكتب العلمية، بيروت.
المقريزي: (٢٠٠٦م)، المقفى الكبير، المحقق: محمد اليعلاوي، ط٢ دار الغرب الاسلامي، بيروت.
ابن الملك: (٢٠١٢م)، شرح مصابيح السنة للإمام البغوي، تحقيق ودراسة: لجنة مختصة من المحققين بإشراف: نور الدين طالب، إدارة الثقافة الإسلامية، د.م.
المناوي: (١٩٨٨م)، التيسير بشرح الجامع الصغير، مكتبة الإمام الشافعي، الرياض.
ابن منظور: (١٤١٤هـ)، سان العرب، الحواشي: لليازجي وجماعة من اللغويين، دار صادر، ط٣، بيروت.
النسائي: (٢٠٠١م)، السنن الكبرى، حققه وخرج أحاديثه: حسن عبد المنعم شلبي، مؤسسة الرسالة، بيروت.
نظام الملك الطوسي: (٢٠٠٧م)، سياست نامه أو سير الملوك، ترجمة عن الفارسية: يوسف حسين بكار، د.م.
النووي: (١٣٩٢هـ)، المنهاج شرح صحيح مسلم بن الحجاج، دار إحياء التراث العربي، ط٢، بيروت.
أبو يعلي الفراء: (٢٠٠٠م)، الأحكام السلطانية، صححه وعلق عليه: محمد حامد الفقي، ط٢، دار الكتب العلمية، بيروت.

**دووەم: ژێدەرەکان بە زمانی عەرەبی:**
الزركلي: خير الدين، (٢٠٠٢م)، الأعلام، دار العلم للملايين، بيروت.
غنيم: عثمان محمد، (٢٠١٤م)، الظلم وانعكاساته على الإنسانية رؤية شرعية، وزارة الأوقاف والشؤون الإسلامية، الدوحة.
محبوبة: عبد الهادي محمد رضا، (١٩٩٩م)، نظام الملك الطوسي (٤٠٨-٤٨٥هـ) كبير الوزراء في الأمة الاسلامية دراسة تاريخية في سيرته وأهم أعماله خلال استيزاره، الدار المصرية اللبنانية، القاهرة.
نخبة من اللغويين: (١٩٧٢م)، المعجم الوسيط، ط٢، مجمع اللغة العربية، القاهرة.
ابن الفوزان: عبد الله بن صالح، (١٤٢٥هـ)، منحة العلام في شرح بلوغ المرام، دار ابن الجوزي للنشر والتوزيع، د.م.
وهبان: أحمد، (٢٠٠١م)، الماوردي رائد الفكر السياسي الإسلامي، دار الجامعة الجديدة للنشر، الأسكندرية.

**سێیەم: نامەی زانکۆیی بڵاونەکراوە:**
البرواري: محمد مصطفى عثمان مصطفى، (٢٠١٣م)، مفهوم العدالة في المنظور القرآني، أطروحة دكتوراه، كلية الاداب، الجامعة العراقية، بغداد.

**چوارەم: گۆڤار:**
مرسي: محمد محمد، (٢٠١٦م)، نظر المظالم منذ بداية العصر الاسلامي حتى نهاية العصر المملوكي في ضوء البرديات العربية، مجلة مركز الدراسات البردية والنقوش، مج٣٣، ع٣٣، القاهرة.

## پاشکۆکان

پاشکۆی ژمارە ١: ووشەی (العدل) لە قورئانی پیرۆز:

| ژ | دەقی ئایەت | ناوی سورەت | ژمارەی ئایەت |
|---|---|---|---|
| ١ | {وَلَا يُؤۡخَذُ مِنۡهَا عَدۡلٞ وَلَا هُمۡ يُنصَرُونَ} | البقرة | ٤٨ |
| ٢ | {وَلَا يُقۡبَلُ مِنۡهَا عَدۡلٞ} | البقرة | ١٢٣ |
| ٣ | {وَلۡيَكۡتُب بَّيۡنَكُمۡ كَاتِبُۢ بِٱلۡعَدۡلِۚ} | البقرة | ٢٨٢ |
| ٤ | {وأَلَّا تَعۡدِلُواْۚ ٱعۡدِلُواْ هُوَ أَقۡرَبُ لِلتَّقۡوَىٰۖ} | المائدة | ٨ |
| ٥ | {يَحۡكُمُ بِهِۦ ذَوَا عَدۡلٖ مِّنكُمۡ} | المائدة | ٩٥ |
| ٦ | {ٱلۡوَصِيَّةِ ٱثۡنَانِ ذَوَا عَدۡلٖ مِّنكُمۡ} | المائدة | ١٠٦ |
| ٧ | {ثُمَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِرَبِّهِمۡ يَعۡدِلُونَ} | الأنعام | ١ |
| ٨ | {وَإِن تَعۡدِلۡ كُلَّ عَدۡلٖ لَّا يُؤۡخَذۡ مِنۡهَآۗ} | الأنعام | ٧٠ |
| ٩ | {وَتَمَّتۡ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدۡقٗا وَعَدۡلٗاۚ} | الأنعام | ١١٥ |
| ١٠ | {وَهُم بِرَبِّهِمۡ يَعۡدِلُونَ} | الأنعام | ١٥٠ |
| ١١ | {وَإِذَا قُلۡتُمۡ فَٱعۡدِلُواْ} | الأنعام | ١٥٢ |
| ١٢ | {وَأَشۡهِدُواْ ذَوَيۡ عَدۡلٖ مِّنكُمۡ} | الطلاق | ٢ |

| ژ | دەقی ئایەت | ناوی سورەت | ژمارەی ئایەت |
|---|---|---|---|
| ١٣ | {فَإِنۡ خِفۡتُمۡ أَلَّا تَعۡدِلُواْ} | النساء | ٣ |
| ١٤ | {وَإِذَا حَكَمۡتُم بَيۡنَ ٱلنَّاسِ أَن تَحۡكُمُواْ بِٱلۡعَدۡلِۚ} | النساء | ٥٨ |
| ١٥ | {وَلَن تَسۡتَطِيعُوٓاْ أَن تَعۡدِلُواْ} | النساء | ١٢٩ |
| ١٦ | {يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُواْ قَوَّٰمِينَ بِٱلۡقِسۡطِ} | النساء | ١٣٥ |
| ١٧ | {يَهۡدُونَ بِٱلۡحَقِّ وَبِهِۦ يَعۡدِلُونَ} | الأعراف | ١٥٩ |
| ١٨ | {يَهۡدُونَ بِٱلۡحَقِّ وَبِهِۦ يَعۡدِلُونَ} | الأعراف | ١٨١ |
| ١٩ | {هَلۡ يَسۡتَوِي هُوَ وَمَن يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ} | النحل | ٧٦ |
| ٢٠ | {إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ وَٱلۡإِحۡسَٰنِ} | النحل | ٩٠ |
| ٢١ | {بَلۡ هُمۡ قَوۡمٞ يَعۡدِلُونَ} | النمل | ٦٠ |
| ٢٢ | {وَأُمِرۡتُ لِأَعۡدِلَ بَيۡنَكُمُۖ} | اللشورى | ١٥ |
| ٢٣ | {فَأَصۡلِحُواْ بَيۡنَهُمَا بِٱلۡعَدۡلِ} | الحجرات | ٩ |
| ٢٤ | {ٱلَّذِي خَلَقَكَ فَسَوَّىٰكَ فَعَدَلَكَ} | الإنفطار | ٧ |

پاشکۆی ژمارە٢: هاماناکانی چەمکی (العدل) لە قورئانی پیرۆز:

| ژ | دەقی ئایەت | ناوی سورەت | ژمارەی ئایەت | هاومانای (العدل) |
|---|---|---|---|---|
| ١ | {وَأَقِيمُواْ ٱلۡوَزۡنَ بِٱلۡقِسۡطِ} | الرحمن | ٩ | القسط |
| ٢ | {وَأَوۡفُواْ ٱلۡكَيۡلَ وَٱلۡمِيزَانَ بِٱلۡقِسۡطِۖ} | الأنعام | ١٥٢ | القسط |
| ٣ | {وَزِنُواْ بِٱلۡقِسۡطَاسِ ٱلۡمُسۡتَقِيمِۚ} | الإسراء | ٣٥ | القسطاس |
| ٤ | {وَزِنُواْ بِٱلۡقِسۡطَاسِ ٱلۡمُسۡتَقِيمِ} | الشعراء | ١٨٢ | القسطاس |
| ٥ | {وَنَضَعُ ٱلۡمَوَٰزِينَ ٱلۡقِسۡطَ لِيَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ} | الأنبياء | ٤٧ | الميزان |
| ٦ | {وَقُلۡ جَآءَ ٱلۡحَقُّ وَزَهَقَ ٱلۡبَٰطِلُۚ} | الإسراء | ٨١ | الحق |
| ٧ | {أَلَّا تَطۡغَوۡاْ فِي ٱلۡمِيزَانِ} | الرحمن | ٨ | الميزان |
| ٨ | {فَاسۡتَقِمۡ كَمَا أُمِرۡتَ} | هود | ١١٢ | الاستقامة |

**علاقة مفهوم العدل والظلم بالسلطة من منظور القرآن الكريم، السنة النبوية وآراء المفكرين المسلمين في القرنين (الخامس والسادس للهجرة / الحادي عشر والثاني عشر للميلاد)**

**الملخص:**

هذه الدراسة خُصِّصت للبحث في موضوع (علاقة مفهوم العدل والظلم بالسلطة من منظور القرآن الكريم والسنة النبوية وآراء المفكرين المسلمين) وفي إطار هذا الموضوع تم عرض عدد من التعريفات اللغوية والاصطلاحية الواضحة لكلٍّ من مفهومي العدالة والظلم، وذلك من أجل توضيح معنى هذين المفهومين من حيث تطبيق العدالة والابتعاد عن ممارسة الظلم من قبل أصحاب السلطة. وقد تناول الله تعالى في آياتٍ عديدة من القرآن الكريم فضلَ العدالة في الحكم، وأثنى على من يلتزم بها وفق الشريعة الإسلامية. وفي الوقت نفسه حذَّر المسؤولين وأصحاب المناصب من استخدام سلطتهم في قهر المواطنين وظلمهم. كما أكدت أحاديث النبي (ﷺ) مرارًا على ضرورة إقامة العدل، وبيّنت أن هدف العدالة هو حفظ تماسك المجتمع ووحدته وانسجامه، وأشارت إلى علوِّ منزلة الحاكم العادل عند الله تعالى ورسوله (ﷺ)، وأن جزاءه يوم القيامة هو الجنة. وعلى العكس من ذلك، فإن كل حاكم يظلم رعيته ويستمر في ظلمه، يكون سببًا في سخط الله تعالى، ويستحق عقاب النار. وقد تناول المفكرون المسلمون موضوع العدالة وظلم السلطة في مؤلفاتهم، وعبّروا عن آرائهم فيه، وهم متفقون جميعًا على أن الحاكم يجب أن يلتزم بالعدالة وفق الشريعة الإسلامية، وأن يعامل رعيته بالمساواة دون تمييز. كما أكدوا ضرورة أن يختار السلطان، في إدارة شؤون الدولة، أشخاصًا أكفاء وأمناء وعادلين؛ لأن الوطن في ظل العدالة يزدهر في جميع المجالات ويشهد التقدم، بينما يؤدي ظلم الحاكم إلى دفع البلاد نحو مستقبل مظلم مضطرب، ويكون سببًا في الصعوبات وانهيار الدولة.

**كلمات افتتاحية:** العدل، الظلم، القرآن الكريم، الحديث النبوي، المفكرون المسلمون، صاحب السلطة.

**THE RELATIONSHIP OF THE CONCEPTS OF JUSTICE AND INJUSTICE TO AUTHORITY FROM THE PERSPECTIVE OF THE QUR'AN, THE PROPHETIC (HADITH), AND MUSLIM THINKERS IN THE ((5TH AND 6TH CENTURIES AH / 11TH AND 12TH CENTURIES AD))**

**ABSTRACT:**

This study is devoted to examining (The Relationship of the Concepts of Justice and Injustice to authority from the perspective of the Qur'an, the Prophetic (Hadith), and Muslim thinkers). Within the framework of this topic, several clear linguistic and terminological definitions of the concepts of both justice and injustice are presented in order to clarify their meanings, particularly regarding the implementation of justice and the avoidance of oppression by those in positions of power. God Almighty mentions in numerous verses of the Noble Qur'an the virtue and goodness of justice in governance, praising those who adhere to it in accordance with Islamic law (Sharia). At the same time, He warns officials and those in authority against using their power to oppress or exploit their citizens. Likewise, many sayings of the Prophet Muhammad (peace be upon him) emphasize the necessity of establishing justice. These hadiths explain that the purpose of justice is to preserve social cohesion, harmony, and unity within society. They also highlight the elevated status of the just ruler in the sight of God and His Messenger (peace be upon him), stating that his reward on the Day of Judgment will be Paradise. Conversely, any ruler who oppresses his people and persists in oppression incurs the displeasure of God Almighty and will face the punishment of Hell. Muslim thinkers have recorded discussions of justice and injustice in governance in their works and expressed their views on the matter. They unanimously agree that a ruler must uphold justice in accordance with Islamic law, treating citizens equally without discrimination. They also stress that the ruler should appoint competent, knowledgeable, and just individuals to manage the affairs of the state. Under the protection of justice, a nation flourishes in all fields and achieves progress, whereas the injustice of a ruler drives the country toward instability and dark future, leading to hardship and the eventual decline of the state.

**KEYWORDS:** Justice, Injustice, The Holy Qur'an, Prophetic Hadith, Muslim thinkers, Authority.